حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی
زنجیرە (٦٥٨)

# لۆلا و سەگەکەی

## کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

سلێمانی -٢٠٠٩

# لۆلا و سەگەکەی

**بابەت: چیرۆك**

**وەرگێرانی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

**نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد**

**نەخشەسازی بەرگ: جەبار سابیر**

**سەرپەرشتیاری چاپ: کەنعان خەلیل**

**تیراژ:٥٠٠ دانە**

**ژمارەی سپاردنی(١٣٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ**

**چاپ: چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠٠٩ – چاپخانەی رۆمان**

**ناونیشان**

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**سلێمانی- گردی ئەندازیاران: ١٠٥ کۆڵانی: ٣٤ ژمارەی خانوو: ١٠**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

**نرخی ( ١٥٠٠ ) دینارە**

پێشکەشە بە ڕۆژەکانی منداڵیم

ئەو ڕۆژانەی کە پڕ بوون لە خەون و ترس

**لەناخی دڵمەوە سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم ( نێرگز ) دەکەم کە ئەم کتێبەی بۆ تایپ کردم. کۆششی ئەو نەبوایە لەوانەبوو ئەم کتێبە زۆر درەنگ بکەوتایە.**

# مندالینه ....جارێکی تر سڵاو

ئـەم جـارەش لـە دەروازەی ئـەم کتێبــەوە دێمــەوە لاتــان ئەمەوێت بۆ ساتێك لەو جیهانە جەنجاڵەتان دوور بخەمەوە و گەشـتێك بکـەین بـە نێـو کۆمـەڵێك چـیرۆکی پـڕ لـە وانـەی ڕەنگـاوڕەنگی جیهـانی تایبــەتی خۆتــان.بـا ســاتێك دوور بکەوینـەوە لـە ژیـانی پـڕ لـە ژاوەژاو، بـا تۆزێـك لـە پەنجـەرەی چیرۆکەکانەوە بڕوانینـە جوانیـەك کـە لـە نـاخی ژیانـدا هەیـە، جوانیـەك کـە ئەرکی ئێمەیـە بیپـارێزین و نـەهێڵین لـە نێـو شـتە ناشرینەکان ون بن.

منداڵینـە... خۆشەویسـتی سـیمای جـوانی ژیانـە و دەبێـت دڵمان پڕ لە خۆشەویستی بێت.خۆشەویستی بۆ دایك و باوك، بۆ خێزانەکانمان، بۆ قوتابخانە و مامۆستا و هاوڕێکانمان، بۆ پاك و خاوێنی و فێربوون .خۆشەویستییەك کە لێوانلێو بێت لـە لێبـووردەیی و سـنوورەکانی دیـار نـەبێت و دڵمـان پاکـژ بکەینەوە لە ڕق و بوغز و توڕەبوون.

ڕەوشـتی بـەرز سـیمایەکی تـری جـوانی ژیانـە.دەبێـت بـە ڕەوشتی بـەرزەوە بخوێنین، دەبێت ڕێـز لـە خۆمـان و لـە ژیـان بگـرین. دەبێـت بـە ئاکـاری بـەرزەوە بڕوانینـە داهاتوومـان و تێبکۆشــین بــۆ ئــەوەی بــبین بــە نموونــەی ڕاســتگۆیی و

سەرڕاستی.ببین بە یارمەتیدەر و کۆمەککەر بە هاوڕێ و دەوروبەرمان.

هەوڵدان و تێکۆشان لایەنێکی تری سیمای جوانی ژیانە.پێویستە بەردەوام ئامانجەکانمان دیار بن و لەبەرچاو بن و هەوڵیان بۆ بدەین. چونکە هەر هەوڵدانێك ئەنجامێکی هەیە .دەبێت سستی وتەمەڵی وەلا بنێین و چالاکانە هەنگاو بنێین بەرەو ئاسۆیەکی گەش و ڕوون، ئاسۆیەك کە خێر و خۆشی بۆ مرۆڤایەتی تێدا بێت.

منداڵینە...با جوانی ژیان بناسین و خوشەویستی فێر بین با ببین بە چرایەك بۆ ئەم دونیا جەنجاڵەمان. با فێربین خۆمان پەروەردە بکەین. منداڵینە...ئەم چیرۆکانەشم هەر بۆ ئەو مەبەستە وەرگێڕاون و زۆر بەختەوەریش دەبم گەر سوودێکم پێ گەیاندبێتن.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
مانگی دووی ٢٠٠٨
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

# گورگە دڕەکان

نوسینی : جۆیس میڵتۆن

له شەوێکی هاویندا لە باکووری دوور گورگێك دەیلوراند

ئۆووووو....ئۆووووووو !

گورگـەکانی دەوروبـەریش بـە دووری میلێـك یـەك لـە دوای یەکتر سەریان بەرز دەکردەوە و

کەوتنە لوراندن

ئۆ ئۆ ئۆ ئۆ ئۆوووووو!

چـەند میـل لـەولاتر خێزانێـك لـە نزیـك دەریاچـەیەکدا لـە سـەیراندا بـوون گوێیـان لـەو لوراندنـە بـوو منداڵـەکان دەسـتی دایك و باوکیان گرت.

هـیچ دەنگێـك هێنـدەی دەنگـیٚ لوراندنی گـورگ ترسـناك و سامناك نیە!

ئایا گورگ پێش هێرش کردن دەلورێنیٚ؟

نەخێر!

بۆ گورگ لوراندن دەنگێکی هاوڕێیانەیە.

گورگ ئەلورێنیٚ بۆ ئەوەی گورگەکانی تر بزانن کە لـە کوێن ، یان هەندێك جار هەر بۆ خۆشی دەلورێنن.

هەندێك جار سەگیش وەڵام دەداتـەوە و دەوەڕیٚ کـە دەنگـی وەکو گورگ وایە چونکە گورگ و سەگ سەر بە یەك خێزانن.

لە ڕابردوویەکی زۆر زۆر دووردا ئەو کاتانەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکاندا دەژیا هەندێ گورگ لە نزیك ئەشکەوتەکانەوە دەوەستان بۆ کڕانەوەی ئەو ئێسکانەی کە مرۆڤەکان بۆیان دەهاوێشت.

منداڵانی ئەشکەوتەکان لەگەڵ بێچوە گورگەکان وازیان دەکرد.هێدی هێدی گورگەکانماڵی بوون.

ئەو گورگە ماڵیانە یەکەمین گیانداری ماڵی بوون.

هەرچی سەگی سەر ئەم زەوییە هەیە هەر لە سەگی زۆر بچووکی تووك گروازەوە بگرە تا دەگاتە سەگی گەورەی ساین بێرناردس (١) دەچنەوە سەر ئەو گورگانە.

هەندێك کەس ئێستاش هەوڵ دەدەن گورگ ماڵی بکەن.

ئەسکیمۆکان گورگەکانیان ڕاهێنا تا گالیسکەکانیان ڕابکێشن

بەڵام گورگ ئاژەڵی ماڵی نیە. بۆ ئەوەی ئاسودە بن پێویستە سەربەست و کێوی بن.

قاچە درێژەکانی گورگ بۆ ڕاکردن دروست کراون کە لە ڕۆژێکدا تا ٤٠ میل دەتوانێت ڕا بکات.

چنگە گەورەکانی گەورەن هێندەی دەستێکی گەییو

شەویلگەکانی بەهێزن دەتوانێت بە یەك قەپاڵ ئێسکی لاقی مامزێك بشکێنێت.

گورگ ڕاوکەرە. بۆ ئەوەی بە زیندویی بمێنێتەوە پێویستی زۆر بە گۆشتی تازە هەیە.

گورگی برسی دەتوانێت تا ٢٠ پاوەند لە ژەمێکدا بخوات.ئەمەش وەکوخواردنی ١٠٠ هامبەرگر وایە.گورگ هەمیشە ئاژەڵی گەورە ڕاو دەکات وەکو ئاسك و مامز.

بەڵام گورگی برسی ڕەدووی کەروێشك یان مشك دەکەوێت و دەیانخوات.یان تەنانەت ڕاوە ماسیش دەکات.

گورگ لە شێوەی کۆمەڵ دەژین و پێیان دەڵێن مێگەل.ئەندامانی مێگەل بە هۆی لەشیان لەگەڵ یەکتردا دەدوێن . کاتێك گورگێك دەترسێ هەردوو گوێچکەی لای سەری بە قیتی ڕادەگرێ.کە گورگێکیش دڵخۆش بێ هەموو کلکی دەجولێنێ.جا ئەگەر تەنها سەری کلکی بجولێنێ ئەوا بە نیازی هێرشە.

هەندێ گورگی تر هێماکانی خۆیان ئەناسن.ئەوهێمایانە یارمەتی گورگەکان دەدات تا پێکەوە بژین بێ هیچ شەڕێك.

هەر مێگەلێك ڕابەرێکی نێرو مێیان هەیە.ڕابەرە نێرەکە زیرەك و بەهێزەو شەڕی هەر گورگێکی تر دەکات کە بیەوێت

ڕابەرایەتیەکەی لێبستێنێ.ڕابەرە مێیەکەش هەمیشە ڕۆڵی دایک دەبینێ بۆ گورگە ناکارامەکانی مێگەل.

ڕابەرە نێرەکە بەهەڵسوکەوت خۆی وا نیشان دەدات کە گەورەی مێگەلە و تەماشای ناو چاوی گورگەکانی تر دەکات. گورگەکانی تریش کلکیان لە نێو گەڵیان دەشارنەوە.هەروەها لوتیان بە دەموچاوی ڕابەرەکەیان دەهێنن و دەیلێسنەوە.

لە بەهاراندا ڕابەرە مێیەکە خۆی ئامادە دەکات بۆ بەچکە هەڵهێنان. دەچێ لە قەدپاڵی گردێك هێلانەیەك چێدەکات و گورگەکانی تریش یارمەتی دەدەن.

بەچکەکان لە سەرەتای مانگی پێنج لە دایك دەبن. چاویان نوقاوە.نەدەبینن و نە دەبیستن.تەنها شیری دایکیان دەخۆن.

لە ماوەی ٣ هەفتەدا هێندە گەورە دەبن تا بتوانن لانەکەیان جێبهێڵن.یەکەمجار دەترسێن بەڵام هەر زوو دەکەونە یاری و قۆشمە بە قەدپاڵی گردەکەدا

یەکێك لە بەچکە گورگەکان کوللەیەکی بینی و وتی "سووشش" کوللەکە فڕی و دوورکەوتەوە. بەچکە گورگەکەش سەرسام بوو.بۆیە چەندجارەی کردەوە و ئەمەش یەکەمین وانە بوو لە بواری ڕاوکردندا.

گورگە گەورەکان بە نۆرە چاودێری بەچکەکان ئەکەن.ئەو کاتــەی کــە باوکــە چــاودێری دەکــات، بەچــکەکانیش کلکــی باوکیــان ڕادەکێشــن و گــەزە لــە گوێچــکی دەگــرن.ئەگــەر زۆر ئازاری بدەن ئەوا هەڵدەستێ و بڕێك دوور دەکەوێتەوە.

بەچکە گورگەکان خۆ دەگەوزێنن و زۆران دەکەن.یەکێکیان لە براو خوشکەکانی بەهێزترە و کلکی قیت دەکاتەوە و وەك ڕابەر ڕەفتار دەکات.

بەچکەکان بەردەوام برسیانە.کاتێك گەورەکان دەچن بۆ ڕاو خــواردنی زیــادە دەجــوون و دەیتفێننــەوە لــە لانەکــەو بەچــکە گورگە برسیەکانیش بۆ یەکامجار تامی گۆشت دەکەن.

لە دەوروبەری مانگی سپتەمبەر بەچکەکان هەراش بوونە، و چــەند ســەعات بــە ڕەدوونــانی مشــك خــۆ ســەرقاڵ دەکــەن هەرچــەندە هیچیشــیان پێناگیرێــت.چــونکە زۆر لەســەرخۆ و زرپۆن.

بەڵام بە زوویی لەگەل مێگەلدا دەکەونە ڕاو.لە ماوەی ٦ مانگدا دەبنە ڕاوچیەکی کارامە.

لــە ســبەینێیەکی ســاردی مــانگی نۆڤەمبــەر گورگــەکان لــە نزیکــەوە بــۆنی مامزێکیــان کــرد.گورگــەکان لــەنێو لانــەوە بــۆی هاتنە دەرێ.

گورگ ڕاوی گەلێ مامزیان کردووە.زۆربەیان ڕا دەکەن و مامزە گەورەکە دەمێنێتەوە و شەڕ دەکات.لەقە دەوەشێنێ بەڵام لەقەی زۆر بەهێز .مامزی برسی دەتوانێ گورگ بکوژێت. بۆیە مێگەلەکە بە زوویی وازی لێدەهێنن.

پاشان گورگەکان مامزێکی پیر و نەخۆشیان بینی کە زۆر لاواز بوو و نەیدەتوانی هەڵبێت.مێگەلەکە دەورەیان دا و گورگێك کەوتە پەلاماردانی.قەپاڵی بە توندی لە لووتی گرت و توند ڕایگرت.لە ماوەی خولەکێکدا شەڕەکە تەواو ئەبێت و گورگە برسیەکان دەکەونە خواردنی.ڕاوی بە تەنها دەشێ هەرگیز ئاژەڵێکی گەورە چنگ نەخات، بەڵام ڕاوکردن بە مێگەل یارمەتی هەموو گورگەکان دەدات بۆ ڕزگاربوون لە برسێتی.

زۆر کەس قەت گورگی زیندوویان نەبینیوە.تەنها گورگی کلك توکن و فلیمە شپرزەکانیان بینیوە.گورگە کلك توکنەکان زۆر مەترسیدار و چڵێسن.

مەترسیدارترین جۆری گورگ ویرۆڵفە(٢ )

لەڕۆژدا مرۆڤی ئاسایین بەڵام لەگەڵ ڕاکشانی شەودا ددانەکانی درێژ و تیژ دەبن و دەموچاویان مووی لێ پەیدا دەبێت و بە چوارپەل دەڕوات چەشنی گورگی ڕاستەقینە. ئەم

جۆره گورگه شەوان لـه دارستانەکاندا دەسوڕێنەوە و تووشـی هەر شتێك بن پەلاماری دەدەن.

ئەفســانەکان ســەبارەت بــە گــورگی دڕ کــە بۆتــە هــۆی ســەرهەڵدانی ئـەو بـاوەڕەی کـە گـورگ دوژمـنی مرۆڤـە و بـۆ ماوەیــەکی زۆریــش ڕاوچــیەکان هــەر گورگێکیــان ببینیایــە دەیانکوشت.تەنانەت بە فڕۆکە ڕاوی گورگیان دەکرد.

تـا لـە دووایـیدا زاناکـان بیریـان لـەوە کـردەوە کـەئایا گـورگ بەڕاسـتی مەترسـیدارە.بۆیـە چـوونە قوڵـایی دارسـتانەکان بـۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ژیانی گورگ.

زانایـەك بـە نێـو دارسـتانێکدا دەڕۆیشـت کاتێـك بـە ڕێکـەوت تووشی دوو گـورگ هـات.گورگێکیـان هـەڵات و ئـەویتریان هاتـە بــەردەمی.زاناکــە ترســا بــەڵام گورگەکــە تــەنها دەموچــاوی لێســـتەوەو بــە سمکۆڵــان دوورکەوتــەوە!زاناکــە ئــەوەی بــۆ دەرکـەوت کـە گـورگی تەندروسـتدار پـەلاماری خـەڵك نـادات. بــەڵام کاتێــك گــورگ ڕێــی دەکەوێتــە کێڵگەیەکــەوە زوو لــەوە دەگـەن کـە بـەرخ یـان گوێرەکـە خـواردنی باشـە.بۆیـە هەنـدێك جووتیار سەگ ڕادەگرن بۆ پاسەوانی مێگەلەکانیان لە گورگ.

هەندێك گورگ بە ژەهر یان بە تەڵە یان بە تفەنگ دەکوژن.

نەیتیڤەكانی ئەمریكا قەت لە گورگ نەترساون و شێوە ژیانی پێكەوەیی گورگیان بەئارامی پێ باش بووە.

سایۆكسی (٣ )نەیتیڤەكان چیرۆكی ژنێكمان بۆ دەگێڕێتەوە كە لە زریانێكدا ڕێ ون دەكات و مێگەلە گورگێك ڕزگاری دەكەن.گورگەكان خواردنی بۆ دەهێنن و لێدەگەڕێن لە لانەكەیان بنوێت و فێری نهێنیەكانی خۆیانیان ئەكەن .كاتێك ژنەكە ئەڕواتەوە لای خەڵكەكە فێری نهێنیەكانی گورگیان دەكات و دەبێتە سیحربازێكی بە هێز.

چەند سەد ساڵێك پێش ئێستا گورگ لە تەواوی گۆی زەوی بڵاو ببونەوە. بەهەزارانیان لە ئەمریكای باكور دەژیان.ئەمڕۆ خەڵك زۆرترە و گورگیش كەمتر.لە زۆربەی شوێنەكانی ئەمریكا گورگ هەر نەماوە تەنها لە باخچەی ئاژەڵان نەبێت.

گورگ نابێتە هۆی پیسی ژینگە و هیچ زیانێكشی بۆ زەوی نیە.

مێگەل ڕاو دەكەن بۆ ڕزگار بوون لە برسێتی و هەمیشەش مامز و ئاسك دەمێنێتەوە بۆ بەچكەكانی بەهاری داهاتوو.

ئەمڕۆ خەڵك هەوڵدەدەن هەر وەكو گورگ لەگەڵ سروشتدا بژین. دەیانەوێت هەندێك ناوچەی جەنگەڵی بپارێزن لەسەر

ئەم زەویە.جا ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت ئەوا بۆ چەندساڵی تر گورگ لەنێو دارستانەکاندا لورەیان دەبیستین.

ژێدەر:

(١) ساین بێرنادس: کە هێمایە بۆ ساین بێرناردس (١٠٩٠–١١٥٣) یەکێك لە جیاوازیترین ئەندامی سیستەمی سیستەرسیان کە یەکێکە لە دۆزەرەوەکان.

(٢) ویرۆڵف: ئەو کەسەیە کەلە فۆلکلۆردا دەبێتە گورگ و دەتوانێت بەردەوام خۆی بگۆڕێت بۆ گورگ.

(٣) سایکۆسی تەیتیڤەکان: کۆمەڵە تیرەیەکن لە ئەمریکای باکوور لە باکووری ئەمریکا و باشووری کەنەدا دەژین و بە زمانی سایوان دەدوێن.

تێبینی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە World Book Dictionary

سەرچاوە:


Wild ،Wild Wolves

By: Joyce Milton

Published in U.S.A.  1992

# بەهار لێرەیە ...هەلاو کیتی

نوسینی : کیمبێرلی وینبێرگەر

**بەهار لێرەیە!**

هـەلاو کـیتی زۆر دڵخۆشـە. لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا تـەگبیری ئەوەیان کرد بچن بۆ پارك.

دایکی هەلاو کیتی یارمەتی دان لە پێچانەوەی خواردن و تەنانــەت بــۆ پاشــخواردنیش کولێرەســێوی بــۆ دروســت کـردن.هاوڕێکـانی هـەلاو کـیتی گەیشـتن. جـودی بەتانیـەکی هێنابوو.

ترەیسی تۆپێکی هێنابوو و کاسەیش پەرداخی هێنابوو بۆ خواردنەوەی شەربەت.

هـەلاوکیتی و هاوڕێکـانی بـە پێیـان چـوون بـۆ پـارك."چ ڕۆژێکی قەشەنگە بۆ سەیران کردن" هەلاو کیتی وای مەزەنـدە کرد.

هەلاوکیتی لەبەردەم پارکەکە وەستا.بڕوای نـەدەکرد بـەوەی کە دەیبینی.پاشماوە و پیسی ئەو ناوەیان تەنیبوو.

جودی وتی"شوێنێك نیە سەیرانی تێدا بکەین"

هەلاو کیتی و هاوڕێکانی بیریان دەکردەوە کەچی بکەن.

هـەلاو کیتی دانیشت و کەوتـە بیرکردنـەوە.وتـی"مـن ئـەزانم چی بکەین" "با پارکەکە خاوێن بکەینەوە"

"هۆڕ هۆڕ"کاسەی و ترەیسی و جودی گریان.

هەلاو کیتی و هاوڕێکانی بەپەلە چوونەوە بۆماڵی هەلاو کیتی

"دایکە" هەلاو کیتی بانگی کرد." پارکەکە پێویستی بە یارمەتی ئێمە هەیە.دەڕۆین خاوێنی دەکەینەوە."

دایکیشی کۆمەڵێك کیسەی خۆڵی هێنا و چوار جووت دەستکێشی بۆ پەیداکردن.

هەلاوکیتی وتی"سوپاس دایکە."

جودی و کاسەی و ترەیسی وتیان "زۆر سوپاس مسز وایت"

دایکە وتی" با سەرەتا بەرکولێك بکەین" ئەوجا سێوی سوور و پارچە پەنیری بۆ دەرهانین و پێی دان.

"هەلاو کیتی و هاوڕێکانی دەیانوت"چ بەتامە" ئینجا بەرکولەکەیان تەواو کرد.

هەر یەکە یەك کیسەی خۆڵ و جووتێك دەستکێشیان هەڵگرت.

لە ڕێی گەڕانەوەیان بۆ پارکەکە،هەلاو کیتی باڵندەیەکی دەنگ خۆشی بەسەر دارێکەوە بینی.

هەلاو کیتی پێی وت" بەهارت خۆش"

باڵندەکەش وتی" تویت تویت!"

هەلاوکیتی و کاسەی و جودی وترەیسی یەکسەر دەستیان کرد بە کارکردن.هەموو پاشماوەیەکیان کۆکردەوە و کیسەکانیان بە زوویی پڕ بوو.

"هۆررررەی" هەلاوکیتی قیژاندی لە خۆشیانا."ئێستا پارکەکە خاوێنە."

جودی وتی" ئێستا کاتی سەیرانە." "با سەبەتەکە بهێنین"

چوونەوەماڵی هەلاوکیتی ودایکە سەبەتەی سەیرانەکەی ئامادەکردبوو.

هەلاوکیتی وتی" با بڕۆین"

کاسەی وتی" زۆرم حەز لە سەیرانکردن." و "کات بەسەربردن لەگەڵ هاوڕێدا هەیە"

هەلاو کیتی وتی " بەهارتان خۆش هاوڕێیان!"

سەرچاوە:

Spring is here ،hello kitty By; Kimberly Weinberger Printed in U.S.A. 2003

# ڤێرا دەچێت بۆ لای پزیشکی ددان

نووسینی: ڤێرا ڕۆسنبێری

سەر لەبەیانی دووشەممە دایکی ڤێرا ووتی"سبەینێ ئەڕۆین بۆ لای پزیشکی ددان."

ڤێرا بزەیەکی بۆ کرد.کاتێ دایکی "جون" و "ئیلەین" ی برد بۆ لای پزیشکی ددان باوکی و ڤێرا لەماڵ مانەوە.لەوانەیە بچن بۆ گۆڕەپانی قوتابخانەکە و کۆلارە زەرد و سوورە تازەکەی هەڵبدەن.

ڤێرا هیوای خواست کە "با" هەڵبکات.

دایکی ڤێراش بەردەوام بوو لە قسەکردن" ئەمجارە ڤێراش مەوعیدی هەیە.ڤێرا دڵنیا نەبوو لەوەی کە دەیەوێت بچێت بۆ لای پزیشکی ددان.ئەو حەزی دەکرد لەگەڵ باوکیدا کۆلارەکەی هەڵبدات.

بەڵام دەیزانی کە گەورە بووە و کەسانی گەورەش دەچن بۆ لای پزیشکی ددان.

"ئیلەین" گووتی " نیگەران مەبە ڤێرا دکتۆر نۆڵ کەسێکی زۆر چاکە و خۆشیت پێدا دێت.

بۆ سبەی بەیانی ڤێرا تەنوورە کابۆکەی لە پێکرد کە هەمیشە هەستێکی بەهیزی و ئازایەتی پێدەبەخشی.

باوك خواحافیزی لێکردن و لەگەڵ "ڕوسی" ساوادا لەماڵ مانەوە.

ڤێرا و خوشکە گەورەکانی و دایکی سواری باس بوون و لەبەردەم عیادەی دکتۆر نۆڵ دابەزین و چوونە ژووری چاوەڕیکردن.

ڤێرا بڕوای بەوە کرد کە ژووری چاوەڕێکردن قەشەنگە.

قەنەفەی سەوز بەچوار دەوردا دانرابوون.ئاوێنەیەکی درێژ بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو.خوشکەکان‌ی ڤێرا گۆڤار و کتێبی گرتە دەست و دانیشت و کەوتە چاوەڕێکردن.

ڤێراش بەهەمان شێوەی خوشکەکان‌ی چاوەڕێی کرد.

دەرگایەکی داریــن کرایەوە و پیاوێک هاتە دەرەوە.گووپەکانی زۆر سەیر ئاوسابوون.ڤێرا گوێی لەدەنگی فڕەفڕی ئاو بوو .ژنیک بە چاکەتێکی سپییەوە گووتی 'جون،دکتۆر نۆڵ ئامادەیە بتبینێت"

ڤێرا ڕوانییە وێنەکانی نێو ئەو کتێبەی بەدەستییەوە بوو.لاقەکانی بە کورسییەکەوە نووسابوو و دەستەکانیشی ئارەقەیان کردبوو.ڤێرا بەژوورەکەدا جوان تەماشای سەرجەم ئاوێنەکانی کرد،بەو خەیاڵەی کە گووپەکانی جونیش سەیر وەکو ئەو پیاوە ئاوسابن.

تۆزێك دوواتر ئیلەین گووتی 'ڤێرا با یاری تیك-تاك-تۆ بكەین.

دوواجار جون لە دەرگا دارینەكە وە هاتە دەرێ .دەمەچاوی ئاسایی دەینواند. ئافرەتەكە جل سپی یەكە لەدوایەوە بوو . بانگی كرد ئیلەین .

ئیلەین لە دەرگاكەوە چووە ژوورەوە .

ڤێرا لە دوای ئەو نۆرەی تۆیە.جۆن بۆ ئاوێنەكە پێكەنی .جۆن فلْچەیەكی تازەی پەمبەی لە دەسدا بوو .بەڤێرای ووت "تەماشای ددانە سپی یە جوانەكانم بكە" ،پاشان جون دانیشت و كەوتە خوێندنەوەی كتێبەكەی

ڤێرا خۆزگەی دەخواست زوو نۆرەی بێت پاش ماوەیەكی درێژ ئلەین هاتەدەرەوە ،و فلْچەیەكی تازەی زەردی ڕاوەشاند؟ "ڤێرا "ژنە جل سپییەكە بانگی كرد" نۆرەی تۆیە" .

!ڤێراش كەوتە شوێنی ژنە جل سپییەكە و لە دەرگا دارینەكەوە چوونە ژوورەوێ ، ڕیك وەك خوشكە گەورەكەی .

ڤێرای بردەسەر كورسی یەكی گەورە، ڤێرا دانیشت وپاشان ژنەكە دەستی نا بە دووگمەكەوە .كورسییە گەورەكە بەرز بۆوە . ڤێرا هەستی كرد باڵای زۆر بەرز بووە .

ژنەکە بەروانکەیەکی سپی لە دەوری ملی پێچاو وتی" دکتۆر نۆڵ ئێستا دێ بۆ لات." ڤێرا سەیری چوار دەوری کرد بینی ژمارەیەك پەنجەرەی لە بەردەمدایە و کۆمەڵێك بوتڵ و شوشە لەسەر کاوەنتەرەکەی نزیك دەسشۆرەکە دانراون هەندێ ئامێریش کە بۆنێکی سەیریان لێوە دەهات وەکو بۆنی دەرمان وابوو.

پاشان دکتۆر نۆڵ هاتە ژوورێ .دکتۆر بە پێکەنینێکی ڕووخۆشەوە ووتی " "هەڵاو ڤێرا" !دۆکتۆر نول دەستەکانی شوشت و دەسکێشێکی لاستیکی کردە دەست و دەمامێکی سپی لە سەر دەمی خۆی داناو لە پشتی سەرێیەوە بەستی .

"زەحمەت نەبێ دەمت بکەرەوە تا تەماشای ناوەوەی دەمت بکەم.

ڤێرا دەمی کردەوە .دکتۆر نۆڵ لێی هاتە پێشەوە .چاویلکەکەی دەبریسکایەوە .بەدەستێکی ڕۆشناییەکی ئاراستەی ناودەمی ڤێرا کرد و بەدەستەکەی تری ئاوێنەیەکی بچوکی هەڵگرتبوو.

پاشان لە نێو دەمی ڤێرادا و بەدەوری دادانەکانیدا دەیگێڕا ،بەڵام ژانی نەدەکرد.

دکتــۆر نــۆلّ ووتــی "دەموددانــت زۆر باشــە ڤێــرا ، بادادانەکانت پاکبکەمەوە ئەمە هەموو شتێك دەبیّ بۆ ئەمڕۆ"

ڤێرا لە پەنجەرەکەوە هەورەکانی دەبینی پفیان خواردبوو و بــە ئاسمانــدا دەڕۆیشــتن.ڤێــرا بــەخۆی پێکەنی،چــوونە لای پزیشکی ددان ئاسان بوو.

دکتۆر نۆلّ گووتی: تکایە دەمت بکەرەوە"

ڤێرا جارێکی تر دەمی کردەوە و لە ناکاو ئامێرەکەی

بینی بەسەر دەستێکی درێژەوە لیّ نزیك و نزیکتر دەبێتەوە .ڤێرا دەمی توند داخستەوە

ئۆف دکتۆر نۆلّ هاواری لیّ هەڵسا . ڤیرا گەزی لـە پەنجـەی دا . ڤیرا تۆقیبوو . لە سەر

کورسییەگەورەکەوە خۆی هەڵدایە خواریّ.

ڤێــرا بەتەنیشــت ئافرەتــە چــاکەت ســپێکەوە ڕای کــردو دەرگاکەی کردەوە و بە تەنیش دایکی و خۆشکەکەی و

کورسییەسەوزەکان و ئاوێنەکانەوە تێپەڕی پاشـان دەرگـای دەرەوەی کردەوە و لە سەر شۆستەکەوە

بۆ سەر شەقامە چوو .

ڤێــرا ئــەیزانی هێشــتا زۆر بچــوکە تــا بتــوانیّ شــەقامێکی قەرەباڵغ ببڕیّ بۆیە بەسەر شۆستەکەوە بەخێرایی هەڵهات لە

گۆشەی باڵەخانەکە سوڕایەوە تەماشایەکی دواوەی خۆی کرد .

دکتۆر نۆڵ و ئافرەتە جل سپێکەو دایك و جۆن و ئیلەین بە شوێنییەوە بوون .

هەموو بەیەك ڕیز بەسەر شۆستەکەوە لە پێشبڕکێدا بوون.

ڤێرا لەگۆشەیەکی تری باڵەخانەکە سوڕایەوە و هەروەها دوو جاری تریش سوڕایەوە. بەڵام ئێستا لەبەردەم عیادەی دکتۆری ددانەکەیە.

ڤێرا نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوا،بۆیە خۆی خزاندە ژێر کورسی وێستگەی پاسەکە .

دکتۆر نۆڵ هات و ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو و لەسەر کورسییەکە دانیشت،دەستەسڕە سوورە گەورەکەی لەگیرفانی دەرهینا وکەوتە سڕینەوەی دەموچاوی.

دکتۆر نۆڵ بەهەناسەبڕکێوە"ڤێرا تکایە وەرە دەرەوە و لەتەنیشت منەوە دابنیشە.کێشە نییە.من زۆر داوای لێبووردن دەکەم کەلەیەکەم سەردانیتا ترساندتم".

ڤێرا بەهێواشی هاتە دەرێ و لەتەنیشت دکتۆر نۆڵ دانیشت "هەرگیز بەو شێوەیە بەدەوری باڵەخانەکە بەدوای

نەخۆش نەکەوتووم". دکتۆر نۆڵ بە هەناسەبڕکێوە: ئەمەش مەشقێکی تازەیە بۆ من"

ڤێرا تەماشای دکتۆر نۆڵی کرد کە ماندوو شەکەت ببوو. بەدەنگێکی ناسکەوە گووتی" داوای لێبووردن ئەکەم. مەبەستم نەبوو پەنجەت بگەزم و هەڵبێم".

دکتۆر نۆڵ گووتی" بۆ نەگەڕێینەوە ژووریٚ و دەست پێنەکەینەوە" . دەستی بۆ ڤێرا درێژ کرد. ئێستا هەموو گەیشتنە ئەو جێگەیە،بۆیە هەموو پێکرا چوونە ژوورەوە.

ڤێرا چووەوە سەر کورسییە گەورەکە و دکتۆر نۆڵیش لەسەرکەوتنیدا یارمەتی دا. پاشان دکتۆر دەستەکانی شووشت و دەستکێشی تازەی لەدەست کرد و دەمامکێکی سپی بەست.

دکتۆر نۆڵ بە وریاییەوە ئامێرە خولاوەکەی بە ڤێرا نیشاندا . و تەنانەت لیٚ گەڕا پەنجەی بخاتە سەر ئەو تایە لاستیکە بچووکە و گێڕای و گێڕای. ڤێرا هەستی بە ختووکە کرد . دکتۆر نۆڵ

هەویرێکی پەمبەی ددانی خستە سەر تایە لاستیکەکە .

ڤێرا دەمی کردەوە و دکتۆر نۆلْ ددانەکانی بۆ پاك کردەوە .
دکتۆر پەرداخێکی سپی کاغەزی داپێی و نیشان دا کەچۆن
لە دەستشۆرەکە بچکۆلەکەی تەنیشت کورسیەکەیەوە پڕی بکات لە ئاو .ڤێرا غەلغەلەی کرد و دواتر ڕژاندی یە نێو دەست شۆرەکە.
دکتۆر نۆلْ ڤێرای کردەوەو پێ نایە دووگمەکە تاکورسییەکەی نزم بێتەوە " ئیتر پاشان چەکمەجەکەی کردەوەو کە

پڕبوو لە فلْچەی ددانی تازەو هەمەڕەنگ .ڤێرا ڕەنگی سەوزی هەلْبژارد چونکە حەزی لەو ڕەنگەیە .
ئایا جارێکی تر دێیتەوە بۆ سەردانیم ؟.
ڤێرا ووتی بەلْێ سوپاس بۆ پاککردنەوەی ددانەکانم خوا حافیز .ئەوجا تەوقەیانکرد .

ڤێرا لە ئاوێنەکانەوە تەماشای پێکەنینە گەش و سپی یەکەی خۆی کرد و لەگەلْ دایك و خوشکەکەی چونەدەرەوە .فلْچە سەوزە تازەکەشی گرتبوو بەدەستەوە و حەزی تێچوو بوو .

چوون بۆ لای پزشی ددان وەکو هەڵدانی کۆلارە نیە لەگەڵ باوکیا .ڤێرا خۆزگەی خواست کەڕۆژی یەك شەمە کۆلارەکەی هەڵبدات بەڵام ئەمڕۆ هەستی بە خۆشی کرد کە ددانی پاك و بریسەداری هەیە .

سەرچاوە :

Vera Goes to the Dentist
Vera Rosenberry
First Edition 2002
New York – U.S.A

# ڕۆژێکی بەفراوی

نووسینی : ئەزرا جاك کیتس

سبەینێیەکی زستان،پیتەر لەخەو هەڵسا و لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد بینی تا چاو بڕبکا شەو بەفر باریوە و هەموو جێگایەکی داپۆشیوە.

پاش نانخواردنی بەیانی جلی ناو بەفری لەبەرکرد و ڕایکردە دەرەوە. بەفرەکە زۆر بەرز بەدرێژایی شەقامەکە کەڵەکە ببوو و ببووە ڕێگای هاتوچۆ.

خرچ..خرچ..خرچ..پێیەکانی لەنێو بەفرەکەدا نقووم دەبوو.پیتەر بەسەر نووکی پێیەکانی کەوتە ڕۆیشتن و هەر جارەی بەشێوەیەك نووکی پێی دادەنا.

پاشان پێیەکانی بە هـ..یٚ..و..ا..ش..ی..ڕادەکێشا وتوولە ڕێیەکی دروست کرد و هاروەها شتێکی دۆزییەوە کەلەبەفرەکە هاتبووە دەرێ و شوێن پێیەکی نوێی دروست کردبوو.ئەویش دارێك بوو.دارەکە هێندە درێژ بوو کە بەفری سەر دارەکانی پێ دەهێنرایە خوارەوە.

بەفرەکە شڵپەی هات و کەوت بەسەر پیتەردا.پیتەر پێو وابوو کە خۆشە بەشداری شەڕە تۆپەڵی کوڕە هەراشەکان بکات.بەڵام ئەیزانی هێشتا بەپێی پێویست هێندە گەورە نییە بۆ ئەم کارە.

بۆیە پیاوی بەفری دەم بەخەندەو چەند فریشتەیەکی لەسەر بەفرەکە دروست کرد.

پیتەر وا خۆی نیشاندا کە شاخەوانە و بەسەر گردۆڵکە بەفرەکاندا سەردەکەوت وەك ئەوەی بەسەر شاخدا سەربکەوێت و دوواتر خۆی دەخلیسکاندە خوارێ.

پیتەر چەند تۆپەڵە بەفرێکی هەڵگرت و خڕی کردن و بۆ سبەینێ خستینە گیرفانەکانییەوە .پاسان ڕۆیشتەوە بۆ ماڵە گەرموگوڕەکەیان.

پیتەر هەموو سەرکێشییەکانی خۆی بۆ دایکی گێڕایەوە ئەو کاتەی دایکی خەریکی داکەندنی گۆرییە تەڕەکانی بوو.

پیتەر زۆر بیری لەو تۆپەڵە بەفرانە دەکردەوە. بۆیە پێش ئەوەی بچێتە سەر جێگای نووستن گیرفانەکانی پشکنی و بینی بەتاڵن.تۆپەڵە بەفرەکان نەمابوون.پیتەر هەستی بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد.

ئەو ماوەیەی کە نووستیش خەونی بینی کە خۆرەتاو بەفرەکەی تواندۆتەوە.

بەڵام کەبەئاگا هات خەونەکەی ڕەوییەوە و بەفرەکە هێشتا گشت شوێنێکی داپۆشیبوو و بەفری تازەش باریبوو!

پاش نانخواردنی بەیانی،پیتەر بانگی سەرجەم هاوڕێکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕاڕەوەکە کرد و پێکەوە چوونە دەرەوە بۆ ناو قوڵایی بەفرەکە.

سەرچاوە :

The Snowy Day
Ezra Jack Keats
Published in USA 1962

# کاتێك زەوی بەئاگا دێت

نووسینی : ئانی ڕۆکی

کاتێك زەوی لەبەهاردا بەئاگا دێت

بەتانیە بەفرینەکەی فڕێ دەدات

لەگەڵ نەرمە سروەی تازەهەڵکردوو سەما دەکات

ئەو کاتەی هاوینیش دەگات

زۆر بەئاگایە و لێوانلێوە لە زیندوییەتی.

زەوی لە ڕۆژە درێژ و گەرمەکاندا گەرم دادێ و دەگرمێنێ

دەچێتە نێو شەوە ڕووناك و غەلبەغەڵبەکان

پاشان لە پایز

زەوی خەواڵوو دەبێت و

خۆی بە گەڵا ڕنگاوڕەنگەکان دادەپۆشیت و

ئامادە دەبێت بۆ زستان

هەروەها پاشان بە "با"ی سارد دەلەرزێت

بۆیە خۆی بە بەتانی بەفر دادەپۆشێت و

ڕۆدەچێتە نێو قولایی خەوێکی ئارامەوە و

تا هاتنی بەهار خەون دەبینێت.

سەرچاوە :

When the Earth Wakes
Ani Rucki
Published in USA 1998

# کلیلێکی ونبوو

نووسینی : **The World Book**

ڕۆژێکیـــان هەنـــدێك لـــە هاوڕێیـــانی ئـــەلفوبێ چـــاوەڕێی "زاگ"یـان دەکرد،دەیانویسـت یـاری هەڵـدە و بگـرەی تـۆپ بکـــەن.بـــەڵام تۆپـــەکان و دەستکێشـــەکان لـــەماڵی "زاگ" بوون.دوواجار "زاگ" هاتـەوە بـۆ ماڵـەوە و گـووتی"کلیلەکـەم پێیە و ئەتوانین دەستکێش و تۆپەکان بهێنین"

"زاگ" بـۆ کلیلەکـەی دەسـتی خسـتە گیرفانییەوە،بـەڵام بێجگـە لـە کـونێکی گـەورە هیچـی تـری تێـدا نـەبوو.زاگ گووتی"کلیلەکەم بزرکردووە". پێنج هاوڕێکەش کەوتنە گەڕان و پشکنین لەدەوروبەری بنچکە گوڵـەکان بـۆ کلیلـە ونبووەکـە کەچـی کـەس نەیدۆزییـەوە.بـزانن چـەند بنچـکە گـوڵ لەوێیـە بیانژمێرن.

زاگ گووتی"لەوانەیە ئەو کاتەی کەچوومە ماڵەوە کلیلەکەم ونکردبێ"

ئۆلیڤەر ئۆستریچ گـووتی" مـن نەخشـەم هەیـە ئـەوەتا ئـەو ڕێگایەی کە زاگ پێیدا ڕۆیشتووە نیشانمان دەدات"

لەسەر نەخشەکەی ئۆلیڤەر هەمان ڕێگای زاگ بگرەبەر.

زاگ لەتەنیشـــت پاســـێکەوە ڕەتبوو،پاشـــان دوو بەلـــەم و دوواتریش سێ باڵەخانە و ئینجا چوار دار مۆز و پاشانیش پێنج کورسی لەنێو پارکەکەی ڕەتدا.

فێرناندۆ خۆشحاڵ بوو گووتی" مەرجت لەگەڵ ئەکەم کلیلەکەت لەژێر یەکێك لەو کورسییانەیە!"

هاوڕێیانی ئەلفوبێ بەدرێژایی ڕێگاکە کەوتنە چاوگێڕان بۆ کلیلە ونبووەکەی زاگ.بەڵام لە هیچ جێگایەك نەدۆزرایەوە.لەکۆتاییدا گەیشتنە پارکەکە.

هاوڕێکان لەدەوروبەری کورسییەکان گەڕان بەڵام کەسیان کلیلە ونبووەکەیان نەدۆزییەوە.

فێرناندۆ پرسی"ئایا واز بهێنین؟"

زاگ گووتی"نەخێر،زۆری پێناچێت کلیلەکە ئەدۆزینەوە."

هاوڕێکان بۆ دۆزینەوەی کلیلە ونبووەکەی زاگ تەواوی پارکەکە گەڕان.

ئۆلیڤەر ئۆستریچ بەدەوری قرژانگە دۆڵەمەیەك گەڕا،

چەند هەڵبەزە و دابەزەی تێدایە.فێرناندۆ بەخێرایی تەماشای کرد،

چەند خشخشۆکی تێدایە،ڕۆزی ڕۆکۆنۆ ڕوانی.

چەند فوارە ئاوی تێدایە. تینا کەوتە گەڕان،

چەند جۆلانەی تێدایە زاگ کەوتە چاوگێران.

بەڵام کەس کلیلەکەی نەدۆزییەوە.

ڕۆزی گووتی"درەنگ داهات،ئەمەوێ ئێستا بڕۆمەوە ماڵێ"

هەموو هاوڕێکان دڵتەنگ و مات بوون.کلیلە ونبووەکە لە کوێیە؟

هەموو ماندوو و تووڕەن.زاگ گووتی"ئەمە هەمووی خەتای منە"

بەڵام هاوڕێکان هێشتا دەیانویست یارمەتی زاگ بدەن بۆ دۆزینەوەی کلیلەکەی.

هەموو کەوتنە گۆرانی گووتن:

یەك،دوو،سێ،چوار،پێنچ

با بژمێرین و ببینە هاوڕێ

هەندێ ڕۆژ سەختە و برای زۆر

بەڵام ئەتوانین بژمێرین و

پشت بەیەکتر ببەستین.

زاگ بەگریانەوە"بوەستن،هەست ئەکەم شتێك لەنێو گیرفانەکەی ترمدا بەرز و نزم دەبێتەوە"

زاگ تەماشای نێو گیرفانەکەی تری خۆی کرد،دڵنیا بوو کلیلەکە لەوکاتەوە لەوێدا بوو!

زاگ گووتی" من زۆر داوای لێبوردنتان لێدەکەم"

ڕۆزی گووتی" کێشە نییە،گرنگ ئەوەیە کلیلەکەمان دۆزییەوە"

ئـەوجا هاوڕێکـان ڕۆیشـتنەوە بـۆ مـاڵی زاگ.هاوڕێکـانی ئەلفوبێ کاتێکی زۆر خۆشیان بردە سەر بەیاریکردنی هەڵدانی تۆپ.پێنج دەستکێشیان پێبوو..یەك،دوو،سێ،چوار،پێنج.

زاگ بڵمەیەکی لێوە هات"پێویستە ئەو کونەی گیرفانەکەم لەیاد نەچێت،نامەوێت کلیلەکەم بئاخنمە نێو گیرفانەکەی ترم و ونی بکەم"

ئـەوجا هاوڕێکـان پێیـانوابوو ئەمـە چاکترین شـتە کـە زاگ دەبێت بیکات.

سەرچاوە:

The Lost Key
By Word Book
1987 USA



# ماشێنە بچکۆلەکە ئاوا توانی

نووسینی : واتی پایپەر

# ماشێنە بچکۆلەکە ئاوا توانی



ماشێنە بچکۆلەکە ئاوا توانی

ماشێنە بچکۆلەکە ئاوا توانی

چەگ ،چەگ ،چەگ ، پەف ، پەف ، پەف ،دینگ ، دۆنگ ،دینگ ، دۆنگ . شەمەندەفەرە بچکۆلەکە بەسەر فارگۆنەکانەوە تەقوهۆڕی بوو.شەمەندەفەرەکە بەسەر ڕێگاکەیدا دەڕۆشیت زۆر دڵخۆش بەوەی کە بارێکی زۆری هەڵگرتبوو فارگۆنەکانی پڕبوون لەشتی سوود بەخش بۆ کچان و کوڕان. یاریکۆلەی ئاژەڵ وەکو زەڕافەی مل درێژ ،ورچی بێ مل . بێچوە فیل و هەروەها بووکە شوشە چاوشین و قژ زەردی لوول ، بووکە شوشەی چاو قاوایی و سەر لاستیکی قاوایی . هەروەها قۆشمەچییەکی گاڵتەباز . فارگۆن هەبوو پڕ بوو لە ماشێن ،فڕۆکە ، مزراح، قەڵەمبڕ ، مەتەڵە چیرۆك ،کتێب لەگەڵ زۆر شتی سوود بەخشیتر کە کچان و کوڕان دەیانویست.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نەبوو . هەندێ لە فارگۆنەکانی پڕ بوون لە شتی چاك بۆ خواردنی کچان و کوڕان – پرتەقاڵی زێری ، سێوی لاسوورە ،شووشە شیر بۆ سبەینان ، سپێناخ بۆ ئێواران و نوقڵی نەعنا، نوقڵەمژەش بۆ دوای نانخواردن.

شەمەنەفەرە بچکۆلەکە هەموو ئەو شتە نایابانەی هەڵگرتبوو بۆ کچ و کوڕە باشەکانی ئەودیوی شاخەکە. شەمەندەفەرەکە دڵشادانە دەیفیشکاند، پاشان لە ناکاودا بە

تەكانێك ڕاوەستا . زۆر بە سادەیی نەیتوانی یەك ئینجی تر بڕوات . چەند هەوڵی داو هەوڵی دا كەچی تایەكانی نەسوڕان و لە شوێنی خۆیدا چەقی!.

باشە ئەو هەموو كچ و كوڕە بچكۆلە باشانەی ئەو دیوی شاخەكە چی دەكەن بەبێ ئەم یاریكۆڵە نایابانە بۆ یاریكردن و ئەو خواردنە چاكانە بۆ خواردن !

قۆشمەچییە بچكۆلە گاڵتەبازەكە لەشەمەندەفەرەكەوە خۆی هەڵدا و گووتی "ئەوە ماشێنێكی نوێی بریقە دار وادێت باپرسیاری لێ بكەین بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات"

بۆیە هەموو بووكۆڵەو یاریكۆڵەكان پێكەوە دەستیان كردە گریان .

"تكایە ئەی ماشێنە تازە بریقەدارەكە تۆ یارمەتیمان نادەی شەمەنەفەرەكەمان ڕاناكێشی بۆ سەر شاخەكە . ماشێنەكەمان

شكاوە و ئەگەر یارمەتیمان نەدەی كوڕان و كچانی ئەو دیوی شاخەكە نە یاریكۆڵەیان بۆ یاریكردن و نەخواردنی چاكیان هەیە بۆ خواردن "

بەڵام ماشێنە تازە برێقەدارەكە پڕماندی "ڕاتبكێشم ؟ من ماشێنی گواستنەوەی خەڵكیم ، ئێستا شەمەنەفەریكی گەورەم

بـۆ سـەر شـاخەكە ڕاكێشـا ، لەگـەڵ فـارگـۆنی وا كـە تـۆ لـە خەونیشـا نـەتبینیون . شـەمەنەفەرەكەم فـارگۆنی خـەوتنی هـەبوو، لەگـەڵ جێگـەی نووسـتنی پـڕ ئاسـوودەیی، فـارگۆنی نانخواردن كە بەردەستەكان هەموو شتێكیان بۆ خەڵكی برسـی دەهێنا كە داوایان دەكرد. هەروەها فارگۆنی فەنتازی كە خەڵك لەسـەر كورسـی نـەرم و باسـكەدار دادەنیشـن و لـە پەنجـەرەی گەورە گەورەوە دەڕواننە دەرەوە . من شتی وەكو تۆ ڕابكێشـم ؟ لە ڕاستیدا نەخێر شتی واناكەم". هـەڵمی لـێ بەرز بووەوەو بـەرەو خـانووە بازنەییەكـە ڕۆیشـت ،ئـەو خـانووەی كـە ماشێنەكانی تێدا دەژین كاتێك هیچ كارێك ئەنجام نادەن .

ماشێنە بچكۆلەكە و بووكۆڵەو یاریكۆڵەكان چەند دڵتەنگ بوون . پاشان قۆشمەچییە بچكۆلانەكە هاواری كرد "خۆ هەر تـەنها ماشـێنی گواسـتنەوەی خـەڵكی نیـە لـە دونیـادا ، ئـەوە ماشێنێكی تر واهات گەورەترو بە هێزترە با داوای یارمەتی لێبكەین!"

قۆشمەچییە بچكۆلەكە ئاڵاكەی دەستی ڕاوەشاند و ماشێنە گـەورە و بەهێزەكـە وەسـتا."تكایـە ،ئـۆه .. تكایـە ماشـێنە گەورەكـە سـەرجەم بووكۆڵـەو یاریكۆڵـەكان پێكـەوە گریـان. "تكایـە یارمـەتیمان نـادەی ، ماشـێنەكەمان بـۆ سـەر

چیاکەڕابکێشــی؟! ماشــێنەکەمان شــکاوە و کــچ و کــوڕانی بچکۆلە چاکەکانی ئەو دیو شاخەکە هچ یاریکۆلەیەکیان نییە بۆ یاریکردن و هیچ خواردنێکی باشیان نییە بۆ خواردن ئەگەر یارمەتیمان نەدەی" بەڵام ماشێنە گەورەو بەهێزەکە نەڕڕاندی "مـن ماشـێنێکی بـار گواسـتنەوەم ، ئێسـتا شـەمەندەفەرێکی درێژی پڕ لە ئامێرم بۆ سەر شاخەکە سەرخست. ئەو ئامێرانە کتێب و ڕۆژنامە بۆ خوێندنەوە بۆ گەورەکان چاپدەکەن . لە ڕاستیدا من ماشێنێکی بەهاداری گرنگم نامەوێت شتی وەکو تۆ ڕابکێشم." ماشێنە بارهەڵگرەکە بەتووڕەییەوە تێی قوچاند بەرەو خانووە بازنەیەکە.

شـەمەنەفەرە بچکۆلەکە و سـەرجەم بووکۆڵە و یاریکۆڵـەکان زۆر خەمبار بوون . قۆشمەچییە بچکۆلەکە بەگریان و دڵخۆشی دانەوەوە"خۆ هەر ماشینی گەورە و بارهـەڵگر نییە لـە دونیا ، ئەوە یەکێکی تر هات زۆر کۆن و ماندوو دیارە ، بەڵام

شــەمەنەفەرەکەی ئێمــەش زۆر بچــووکە .لەوانەیــە بتــوانێ یامەتیمان بدات"

بۆیــە قــەرەقۆزە بچــکۆلانەکە ئاڵاکــەی دەســتی ڕاوەشــان و ماشـێنە ژەنگـاوی و کـۆن و پیسـوپۆخڵەکە ڕاوەسـتا. "تکایـە ماشــێنە میهرەبانەکــە ،بووکەڵــەو یاریکۆڵــەکان بەگریانــەوە"

تکایە ئەتوانی بۆ سەر چیاکە ڕامان بکێشی. ماشێنەکەمان شکاوە و کچ و کوڕە بچکۆلە چاکەکانی ئەو دیو چیاکە نە یاریکۆڵەیان هەیە بۆ یاریکردن و نەخواردنی چاکیشیان هەیە بۆ خواردن ئەگەر تۆ یارمەتیمان نەدەی"

بەڵام ماشێنە ژەنگاوی و کۆنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا "تەماشا بکەن من زۆر ماندووم و پێویستە پشوو بدەم

تایەکانم ماندوون و تەنانەت ناتوانم شەمەنەفەرێکی بچکۆلەی وەکو ئەوەی ئێوەش بۆ سەر شاخەکە ڕابکێشم ناتوانم ..ناتوانم" کەوتە ڕێ بەرەو خانووە بازنەییەکە "ناتوانم ..ناتوانم ..ناتوانم "

پاشان لە ڕاستیدا شەمەندەفەرە بچکۆلەکە زۆر زۆر دڵتەنگ بوو و بووکۆڵەو یاریکۆڵەکان ئامادەبوون بۆ گریان .

بەڵام قۆشمەچییە بچکۆلەکە هاواری کرد "ئەوە ماشێنێکی ترە وادێت . ماشێنێکی شینی بچووک . زۆر بچووکەو لەوانەیە بتوانێت یارمەتیمان بدات "

ماشێنە زۆر بچووکە شینەکە شادومانانە بە چگە چگ هات کاتێك ئاڵای دەستی قۆشمەچییەکەی بینی بەخێرایی وەستا.

"هاوڕێیان ئەوە گرفتان چی یە ؟" ماشێنەکە زۆر میهرەبانە پرسیاری کرد . یاریکۆڵە و بووکۆڵەکان گریان

"ئـۆه ..ماشـێنه شـینه بچـکۆلەکه ، ئایـا دەتـوانی ڕامـان بکێشی بۆ سەر شاخەکه .ماشێنەکەمان شکاوه و کچ و کوڕه چاکەکانی ئـەودیو شـاخەکه نـه یاریکۆڵـەیان هەیـه بـۆ یـاری کـردن و نـەخواردنی چاکیشیان هەیـه بـۆ خـواردن ئەگـەر تـۆ یارمەتیمان نەدەی .تکایه تکایـه یارمـەتیمان بده ئـەی ماشـێنه شینه بچکۆلەکه."

ماشێنه شینه بچکۆلەکه ووتی "من زۆر گەورەنیم ،تـەنها بـۆ ئاڵو گۆڕی پێکردن بەکارم دەهێنن .مـن قـەت نەچومەته سـەر شاخ"

بووکۆڵـەو یاریکۆڵـەکان وتیـان "بـەڵام پێوسـته ئێمـه بەسـەر شاخەکە سەربکەوین .پێش ئەوەی منداڵان به ئاگابێن !"

ماشێنه بچکۆلاکه تەماشای کـردو فرمێسـکی بووکۆڵـەکانی بینی له چاویان و بیری له کچ و کوڕه بچکۆلەو باشـەکانی ئـەو دیو

شـــاخەکه دەکـــردەوه کـــه ئەگـــەر یامـــەتیان نـــەدات نـــه یاریکۆڵـەیان دەبـیٚ بـۆ یـاریکردن و نـه خـواردنی چاکیشـیان دەبێت بۆ خواردن.

پاشـــان ووتـــی "لـــه و بڕوایـــەدام دەتـــوانم .لـــەو بڕوایـــەدام دەتوانم ، لەو بڕوایەدام دەتوانم !

دواتر شەمەنەفەری بچکۆلەکەی بە خۆیەوە بەستایەوە.

ماشێنە شینە بچکۆلەکە کۆششی کردو ڕایکێشا .ڕایکێشا و بە هێواشی ، بەهێواشی ، بەهێواشی کەوتە جوڵان .

قۆشمەچییەکە چووە سەر ماشێنە شینەکە و سەرجەم بووکەڵەو یاریکۆڵەکان کەوتنە پێکەنین و خۆشی یەوە .

پەف ..پەف ، چەگ ..چەگ ماشێنە شینەکە بچکۆلەکە ڕۆیشت لەو بڕوایەدام بتوانم ، لەو بڕوایەدام بتوانم .. لەو بڕوایەدام بتوانم ،لەو بڕوایەدام بتوانم .لەو بڕوایەدام بتوانم ،لەو بڕوایەدام بتوانم .لەو بڕوایەدام بتوانم

لەو بڕوایەدام بتوانم !.

بۆ سەرەوە بۆ سەرەوە ، بۆ سەرەوەی خێراتر خێراترو خێراتر و خێراتر ماشێنە شینە بچکۆلەکە لە شاخەکە سەرکەوت تا لە کۆتاییدا گەیشتە سەر شاخەکە ، شارەکەش لە خوار دۆڵەکەوەیە.

قۆشمەچییە بچکۆلەکەو بووکەڵە و یاریکۆڵەکان بە گریانەوە " خێراکە ..خێراکە ، کچ و کوڕە باشەکانی شارەکە شادومان دەبن چونکە تۆ یامەتیت داین . ئەی ماشینە شینە میهرەبانە بچکۆلەکە،"

ماشینە شینە بچکۆلاکەش پێدەکەنی وەختێ بەسەنگینی بەشاخەکەدا دەهاتە خوارێ پێدەچوو بڵێ" لەوبڕوایەدا بووم بتوانم ،لەوبڕوایەدابووم بتوانم! لەو بڕوایەدابووم بتوانم ..لەو بڕوایەدابووم بتوانم ،لەو بڕوایەدابووم بتوانم لەو بڕوایەدابووم بتوانم."

سەرچاوە :

The Little Engine That Could
By: Watty Piper
New York, USA 1976



# ڕەگە منداڵەکان

نووسینی : سیبیلی ڤۆن ئۆلفەرس

# ڕەگە منداڵەکان



لەژێر زەویدا و لەقوڵایی خاکدا لەنێو ڕەگی دارەکاندا ، ڕەگە منداڵە بچکۆلەکان هەبوون کەبە درێژایی وەرزی زستان نووستبوون .هیچ هەستیان بە گڤەی باو بەفری سارد یان پێوەدانی زریان نەدەکرد.زۆر هێمنانە لە قۆرتە گەرمەکەیادا نووستبوون و خەونیان بەتیشکی خۆرەوە دەبینی کەلەسایەیدا کە بەدرێژایی هاوین یارییان کردبوو .ئەم خەونانە چ خەونێکی قەشەنگ بوون.

کاتێك کە دوواجار زستان بەرەو کۆتایی چوەو هەتاو کەوتە تواندنەوەی بەفرەکە ، زەوی دایك بە مۆمێکەوە هات و لە خەوی هەستاندن ."هەستن لە خەو منداڵینە" زەوی دایك بە میهرەبانیەوە نەمەی گووت . "ئێستا کاتی هەستانە،ئێوە تێر خەووتن .وەرزی بەهار وادێت و زۆر کار هەیە دەبێ ئەنجام بدرێت .مقەست ، دەرزی ،پارچە قوماشم بۆ هێناون تا جل و بەرگی تازە دروست بکەن و بیپۆشن .دەی هەستن !".منداڵەکان باوێشکیان داو خۆیان لێك کێشایەوە ،پاشان بە شادییەوە بازیان دا .پەلە بکەن ،وەرزی بەهار وابەڕێوەیە .

زەوی دایك چەندین پارچە قوماشی ڕەنگا و ڕەنگی جوانی لە ناو سەبەتەیەکدا دانابوو . هەر منداڵەرەنگێك !جۆرە ڕەنگێك بۆ خۆی هەڵبژارد تا جل و بەرگ بۆ خۆی دروست

بکات.گوڵەنیسان قوماشی بەفری سپی هەڵبژارد .لەیادم – مەکە پارچەیەکی ڕەنگی شینی ئاسمانی هەڵگرت .پەرداخە ڕۆن ڕەنگی زەرد و دەیزی سپی و زەرد و سووری تێکەڵ و پۆپیش ڕەنگی سووری کاڵی هەڵگرت. دوواتر دانیشتن بەشێوەی بازنەیی و گەرموگوڕ کەوتنە کارکردن .بڕییان ،دوورییان ،قەداغیان کرد تاڕیك بوو بۆ لە بەرکردنیان و هەروەها هەروەك کاریان دەکرد ،سەرجەم ئەو گۆرانیە نوێیانەی بەهاریان دەچڕی کە دەیانزانی.

هەرکە جل و بەرگە تازەکانیان تەواو کرد ،هەستان و بەرێکوپێکی چوون بۆلای زەوی دایك. زەوی دایك بەسەر سامیەوە و سەرسوڕمانەوە ڕوانی لێیان وەختێ بینی ڕەگە مندالەکان زوو دەرکەوتن ."باشە باشە، بەدەستو بردبوون . چەند جوان قەشەنگ دیارن" تەنانەت مێروولە بچکۆلەکانیش کە هاتبوون یارمەتی زەوی دایکیان دەدا بۆ بەباکردنی خورییەکەی ،بە چاوی حەز بەشت زانین زەق دایانڕوانی .جل و بەرگی ئاوا جوانیان نەبینی بوو.

بەڵام زۆر کاری تر مابوو کە دەبوایە ئەنجام بدرانایە.خاڵخاڵۆکە و قالۆنچە و کرمۆکە و هەنگی گەورە لە ژێر زەویدا نووستبوون و ئێستا بەئاگا هاتوون، کە دەبێت

بشـورێن و فڵچـەیان لێبـدرێت ، ڕەنـگ بکـرێن و ببریقێنـەوە بـۆ ئـەوەی تـا دەتوانرێـت جـوان دەربکـەون.ئـەوە چ پەلـەکردن و پاڵەپەستۆیەك و هەڵپەیەك لەو ژێرەوە دەگوزەرێت.

لەسەرەوەش گەرمایی خۆر گەڵای تازەی سەوزی لەدارەکان دەرهێنابوو.ئایا ڕەگە منداڵەکان لەکاتی خۆیدا ئامادە دەبن؟

دوواجار بەهار هات!

زەوی دایك دەرگاکەی کردەوە وپاشان بۆ دەرەوە بۆ نێو گەرمایی بەهاری ڕەونەق ڕیزی قالۆنچە و خاڵخاڵۆکە و ڕەگە منداڵەکان وەدەرکەوتن.

لـەناو داردا پەپوولـەکان دڵشـادانە بـەدەوری گوڵەکانـدا خـەریکی باڵـەفڕێبوون.گوڵەشـلێر جێگایـەکی خۆشـی لـە سـێبەری دارێـك لەتەنیشـت وەنەوشـە شـینەکە دۆزییـەوە و لەوێدا زەنگوڵە گوڵەکانیان دەزرینگانەوە.

لەوێدا باوەگەورە سلیفسلاف-سلیبەرسلەك بەهێواشی و بەسکەخشـکە هـات. بەمنداڵـەکانی گـووت" ها،ئـەوە ئێـوەن! بەخێربێن بۆ دارستانەکە."

وەنەوشـە بچکۆلەکە بەشـەرمەوە لـە جێگا قایمەکـەی خـۆی لەپشت دارەکەوە تەماشای کرد.وەنەوشـەکە قـەت زینـدەوەری وەکو ئەوەی لەپێشتردا نەبینیبوو.

هاوین هات. ئەو جۆگەلە بچكۆلەیەی كە بەنێو مێرگەكاندا ڕەت دەبوو.كە شلێرەئاوییە – بۆنخۆشەكە لێگەڕا وەك شاژن بەسەر ئاوەكەدا بكەوێت. قامیشەكان لە هەوادا دەیانچرپاند. لەیادم – مەكە هات و لەسەرەخۆ چووە ناو ئاوەكەوە. بەڵام قالۆنچەكان بۆڵەیەكیان كرد " ئێرە زۆر قەرەباڵغ ئەبێت. بڕۆ لەشوێنێكی تر یاری بكە!"

لەنێو گوڵە مێرگەكاندا،ڕەگە منداڵەكان كاتێكی شادیان هەبوو.لەژێر ئەو تیشكە گەرمەدا سەمایان كرد.خەریكی هەڵبەزە و دابەزە و قریوەی خۆشی بوون. چ خۆشە ئەگەر هەر هاوین بێت.

پەپوولەكانیش بەسەر سەریاندا خەریكی باڵەفڕكێ بوون، تەنانەت قالۆنچەكەش پڕكێشی سەماكردنی دەكرد. سیسركەكان دەیانزیقاند،هەنگەكانیش كەوتنە ویزەویز و ئەمەش مۆسیقایان بوو.

" هۆشت دەركە گژوگیای بچووك،مەكەوە خوارەوە!"

بەڵام هاوین كۆتایی هات. بای تیژی پاییز هەڵیكرد و گەڵا ڕەنگاوڕەنگە گەشەكانی دەخستە سەما و لە هەوادا بە جلی ڕەگە منداڵەكانەوە دەنووسا.

" هووو، بایەکە هاواری کرد" پەلە بکەن بڕۆنەوەماڵەوە ئێرە تا دێت ساردتر دەبێت،ئێستا کاتی نووستنە"

پاشان بەڕیز چوونەوە ماڵەوە.زەوی دایك لەلای دەرگاکە ڕاوەستابوو یەك بەیەك باوەشی بەمنداڵەکان دەکرد.ئینجا گووتی" وەرنە ژوورەوە منداڵەکان،ئێوەش خاڵخاڵۆکە و قالۆنچەکان. وەرنە ژوورەوە ئێرە گەرموگوڕە و شتێکم بۆ داناون بۆ خواردن و خواردنەوە. پاشان دەبێت بخەون تە لە بەهارێکی تردا هەڵئەسنەوە."

بۆیا هەموو ڕەگە منداڵەکان جارێکی تر چوونە خوارەوە بۆ دەستپێکردنی خەوی درێژی زستانیان.

تێبینی : ئەم چیرۆکە لە سەرەتادا بەزمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٠٦ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە :

The Story of the Root Children
By: Sibylle Von Olfers
2003 Belgium



# ئەمە چ پیسی و پۆخڵییەکە؟

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# ئەمە چ پیسی و پۆخڵییەکە؟



لـۆلا بـۆ جـەژنی لـە دایـك بـوونی شـتێکیان داپێـی کـە ماوەیەکی درێژ بوو هەر داوای دەکرد.سەگ! سەگێك بزێو و ڕووخۆش کە یەکسەر ناوی لێ نابوو ووف. لۆلا ئاواتەخواز بوو هەموو ڕۆژێ چەندین کاتژمێر بەیاری کردن لەگەڵیدا بباتەسەر. لۆلا یەکسەر دەستیپێکرد و باگزی هاوڕێشی دڵخۆش بوو یەك ڕۆژیان لەگەڵ بباتە سەر.

بەڵام لۆلا پێشبینی ئەوەی نەدەکرد سەگەکەی ببێتە هۆی سەر سەرکەشی و هەرگیز خەونیشی پێوە نەبینی بوو. چونکە ووف زۆر سەرەڕۆ بوو. ووف گەنجە و بەردەوام شتێك دەکات کە نازانێت چی دەکات.

دایك و باوکی لۆلا زۆر سەرسام بوون بەوەی کە ووف ڕۆژی یەکەمی لەماڵیاندا بردەسەر. ووف زۆر گوێڕایەڵ بوو، بەردەوام لە ناو سەبەتەکەی هەڵکورمابوو و بەهێمنی نووستبوو. ووف پێوستی بەمەشقکردن نیە بۆ ئەوەی ببێتە سەگێکی چاك.

لەلایەکی ترەوە بۆ ڕۆژی دوایی دایك و باوکی لۆلا کەوتنە نیگەرانیەکی جیدی سەبارەت بە کچەکەیان! هەموو جارێك کە دەگەڕانەوە ماڵەوە سەرەڕۆیی ئەو کچە بچکۆلەیان دەبینی کە کەتنبێکی تازەی تری کردووە. زۆر سەیر بوو.

ڕۆژێك بوو بینیان زەوی موتبەقەكەیان لە ڕاستیدا هەر دەنكە ووردە برنجە. لۆلا زۆر حۆلە بینرا كە ئەو ناوەی كۆدەكردەوە. بەڵام لانی كەم زەوییەكەی سڕییەوە!

پاشان كاتێكی تر لولەیەك دەستەسڕی كاغەزیان دۆزیەوە. كە شڕو وڕ لە سەر زەویەكە پەرش و بڵاو بووبوەوە، ئێستا ئەویش سەیرە! لەوانەیە لۆلا ئەمجارە ئاوی ڕژاندبێ و نەیتوانیبێ بیسڕێتەوە بەڵام لە ڕاستیدا دەبوایە كاغەزەكانی كۆبكردایەتەوەو بیخستنایە تەنەكەی زبڵەكەوە.

دوواجار ئەو ڕۆژە هات كە شوێن پێی قوڕاوییان لە سەر بەڕەی ژووری دانیشتنەكە بینی. چەند جار بە لۆلایان گووتوە كەپێیەكانی بە مافوری بەر دەرگاكە بسڕێتەوە كە هەركاتێ دەیەوێ بێتە ژوورەوە. ئەوە ئەو كچە چیەتی؟

مایەی تێگەیشتنە كە دایك و باوكی لۆلا زۆر دڵتەنگ بوون و لۆلاش هەرچەنە جارێك شتێك ڕووی دەدا غەمبار هەڵئەتروشكێ. لۆلا زۆر دڵتەنگ بوو. تەنانەت لەباگزی پرسی ئایا دیاری لە دایك بوونی ئەم هەموو كێشانەی دەهێنا. لۆلا باس ئەوەی كرد كە بەردەوام ئەوەی گووتووە كە ئەم كەتنانەی نەكردەوەو ووڤ بەرپرسیارە لێیان. بەڵام دایك و باوكی لۆلا بڕوایان پێنەكردبوو لەو كاتەوەی كە سەگەكە

هەموو کاتەکەی لەنێو سەبەتەکەیدا بەخەو بەسەر بردبوو وەختی ئەمان لە ماڵ بوون.

دوواجار،لۆلا وەڕس بوو لەوەی کە بەردەوام سەرزەنشت دەکرا، بۆیە پێشنیاری ئەوەی بۆ دایك و باوکی کرد کە ڕۆژێك لە پشت پەردەی ژووری دانیشتنەوە خۆیان بشاردەوە بەم شێوەیە بینییان کە ووڤ لە پشت سەری ئەمانەوە چی کردووە. ئەوانیش بەنابەدڵییەوە ڕازی بوون.

پاشان بەچاوی خۆیان بینیان کە ووڤ بەڕاستی بەتوانایە کتێبەکانی ونجڕ ونجڕ دەکردو قەنەفەکەی دەڕووشاند و پەڕۆی سەر مێزەکەی ڕادەکێشا تا هەموو شتەکانی سەر مێزی قاوەکە بکەونە خوارەوە.تەنانەت بێئەوەی بەخۆی بزانێت گەزی لە پێکانی ئەوانیش دەگرت.ئەوجا سروشتی ووڤ دەرکەوت.

" تۆ ڕاستت دەکرد لۆلا"، دایك و باوکی لۆلا بەدوای لێبوردونەوە ووتیان" ئەم پیسوپۆخڵییە هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نیە" بۆیە بڕیاریان دا ووڤ لە پۆلی مەشق پێکردن ناو نووس بکەن بۆ ئەوەی فێری شتی باش بێت. بەو شێوەیە لۆلا زانی کە دەتوانێ خۆشویستی لەگەڵ باگزی و ووڤ هەبێت و بۆ هیچ شتێکی تر سەر زەنشت نەکرێت کە ئەو نەیکردوون.

سەرچاوە:

The Adventures of Lola and Woofy
What A Mess!
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004




# قوتابیەکی نائاسایی

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# قوتابیەکی نائاسایی



ئـــەمڕۆ بـــۆ لـــۆلا یەکـــەمین ڕۆژی قوتابخانەیـــە .لـــۆلا زۆر خۆشحالْ بوو کە دەست لە ناو دەست لەگەڵ باگزی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە. لۆلا بەتایبەتی زۆر شانازی بە جانتاکەیەوە دەکرد کە دایکی بۆی کڕیبوو . بەڵام سەرباری ئەم دڵخۆشییە ، شتێك هەیە ناڕەحەتی دەکات.

لـــۆلا زۆر غـــەمبارەو دەبێـــت "ووفی" بەتـــەنها لـــە ماڵـــەوە جێنەهێڵێ . بەڵام لۆلا حەزی دەکرد ووفیش بەشداری ئەم ئەزموونە تازەیەی لەگەڵدا بکات. هەموو ڕۆژەکە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ووفی بهێنێ بۆ قوتابخانە دواجار لۆلا بیرۆکەیەکی بەمێشکدا هات : سبەینێ ووفی لە نێو جانتاکەی دەشارێتەوە و ئیتر هەموو ڕۆژەکەش پێکەوە دەگوزەرێنن.

بۆ ڕۆژی دووایی لۆلا ڕێك ئەو هەر ئەو کارەی کرد بێ ئەوەی بە دایك و باوکی بڵێ. ووفی خزاندە ناو جانتاکەیەوە و تێیگەیاند کە ووفی دەتوانی هەموو ڕۆژێ بێیت بۆ قوتابخانە ئەگـــەر بەدرێـــژایی ڕۆژەکـــە وورتـــەی لێـــوە نەیـــەت .دەبێـــت نەجوڵێتەوەو نەوەڕێت . بەڵێن دەدەم ووفی وەڵامی دایەوە و زۆر شادومان دەبینرا کە بەتەنها یەك ڕۆژی تر لە ماڵەوە نامینێتەوە.

لە ناو پۆلدا ، مامۆستاکە و قوتابیەکانی تر هەستیان بە هیچ شتێکی نائاسایی نەکرد. تەنها باگزی بەو نهێنییەی دەزانی ئەوە ڕاستە کەجانتاکەی لۆلا گەورەیە دیارەو هەندێك جار ئەجولێتەوە.بەڵام ووف لانی کەم ئەوەی لە یاد بوو کە نابێت بوەڕێت . بۆیە هەوو شتێك ڕێك و پێکی دەچێتە پێشەوە.

وورده وورده شتە شاراوەکان ئاڵۆزتر دەبوون. لۆلا نەیدەتوانی ووف بەتەنها لە جانتاکەیدا بەجێبهێڵێ .ئەگەر یەکێك چاوی لێ نەبێت لەوانەیە ووف باز بداتە دەرەوەو ئەو ناوە تێك بدات و لۆلاش سەرزەنشتی بکات.

لۆلا وای بەچاك زانی بەجانتاکەیەوە بچێتە دەرەوە . باگزی لە لۆلا دوور نەدەکەوتەوە ، بۆیە مامۆستاکە هیچی نەبینی. جارێکیان لە باخچەی قوتابخانەکە لۆلا لێگەڕا ووف بیتەدەرەوە .بەو مەرجەی سەرنجی کەس ڕانەکێشێ و هەندێ خۆی لێك بکێشێتەوە و تا زۆر ماندوو نەبێت.

منداڵەکان یەکسەر لە دەوری ووف کۆبوونەوە، هەموو وایان بینی کە ووف سەگێك باش و میهرەبانە . گشت منداڵەکان لە دەوری ووف وەستان بۆ ئەوەی مامۆستاکە نەیبینێ و لۆلاش سزا نەدات.

بەڵام لەوکاتەیا گەدەی ووف لە هەڵبەز و دابەزەدابوو لە ناکاودا ووف خۆی هەڵدایە سەر کوڕێکی بچکۆلانە کە لەفەیەکی بەدەستەوە بوو! ئۆووەهـ !منداڵەکانی تریش گەڕانە دوواوە ترسان نەوەك ووف خۆی هەڵداتە سەر ئەمانیش. پشێوییەکە سەرنجی مامۆستاکەی ڕاکێشا کاتێك هاتە لای گروپەکەوە ،ووف بینی ،لۆلاش زمانی لاڵ بوو و نەیدەزانی چی بڵێ .مامۆستاکەش کەوتە پیادەکردنی دیسیپلین. هێنانی سەگ بۆ قوتابخانە تافیری نووسین و خوێندن بێت ئەمە بیرۆکەیەکی سەیرە!

لۆلا لەگەڵ ووف ناو جانتاکەی چوەوە ماڵەوە .باگزیش هاوڕێیەتی کرد .هەرکە لۆلا دەرگاکەی کردەوە ،زانی مامۆستاکەیان تەلەفۆنی بۆ دایك و باوکی کردووەو ئەمانیش پێی دەڵێن کەواز بهێنێ لەم کردارە.بۆیە لۆلا دەستی کردە گریان، بیری لەوەش دەکردەوە کە ئەم ڕۆژەی زۆر بەچاکی دەستی پێ کردو بەڵام ئێستا هەموو شتێك نادروستە!

دایك و باوکی لۆلا بەدڵنیایەوە تووڕەن بەڵام لەوە تێگەیشتن کە لۆلا چی مەبەست بووە ،بۆیە زۆر سەرزەنشتیان نەکرد و لۆلاش وازی لە گریان هێنا. دایك و باوکی لۆلا کەوتنە شیکردنەوە و ئامۆژگاری کردنی لۆلا بەوەی کە سەك دەبێ لە

ماڵەوە بمێنێتەوە و لە باخچەی یاری بکات و لە هەر شوێنێك پێی خۆش بێ بخەوێت.نابێت لەنێو جانتادا قەتیس بکرێت و کە بە چاکی بواری هەناسەدانی تێدا نییە.

لۆلا تێگەیشت کە سەگ ناتوانێ فێری نووسین و ژماردن بێت .لۆلا بڕێك خۆپەرست بوو کە نەیتوانی لە سەگەکەی جیابێتەوە. بۆ پۆزش هێنانەوە، لۆلا لووتی ووف ماچ کرد و چوونە دەرەوە بۆ یاریکردن. بۆ سبەینێ ووف لە نێو سەبەتەکەی خەون دەبینێ و لۆلاش گوێ لە مامۆستاکەی دەگرێت بێ ئەوەی نیگەرانی ووف بێت .

سەرچاوە :

The Adventures of Lola and Woofy
An Unusual Student
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004



# ڕاوە ماسییەکی بێوێنە

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# ڕاوە ماسییەکی بێوێنە



ڕۆژی یەك شەمەیە و خۆر دەبریسکێتەوە .باوکی لۆلا ئەڵێ ئەمرۆ ڕۆژێکی خۆشە بۆ چوونە ڕاوە ماسی لەو ڕووبارەی کە کەوتۆتە کۆتایی دەشتەکەوە .بەڵام ئایا لۆلا دەیەوێت لەگەڵیدا بچێت؟ بە دڵنیاییەوە دەیەوێت .ئەو دووا نیوەڕۆیە لەگەڵ باوکیدا بێت و ئەم هەلە لەدەست نەدات .

بەڵام لۆلا دەشیویست ئەو دووا نیوەڕۆیە لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکەی باگزی و سەگەکەی ووف دا بەسەر بەرێت .باگزی و لۆلا ئامۆژگاری ووفیان کرد کە دەبێت بێدەنگ بێت چونکە ڕاوەماسی هونەری بێدەنگییە و ماسیش بە قولابەوە نابێت ئەگەر دەنگە دەنگ هەبێت .تێگەیشتی ووف ؟

گرفتی ووف ئەوەیە هەرچەندە خۆشەویست و شیرینە بەڵام حەزی لە یاریکردنەو زۆر ڕێز ناگرێت .دەتوانرێت بوترێت کە هەر ئامۆژگارێیەك بکرێت ئەوا یەکسەر لە بیری دەچێتەوە .

ووف لەو هەتاوە خۆشە خۆشی دەگوزەراند،بازیدەدا و لەناو ئەو مێرگەدا دەوەڕی و دەکەوتە شوێن باڵندەکان و مشکی ئەو دەشتە و هەروەها ماسی دەترسا ند .لۆلا هەستی کرد کە باوکی وەختە توورە بێت ، لەوە دەترسا ئەو ڕۆژە خۆشەی لێ کورت ببێتەوەو کۆتایی پێ بێت.

بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەکان ،ئەوە باگزییە تووشی کێشە بووە! دیارە بە ئەنقەست نەیکرد ،بەڵکو قولابەکەی بۆ پشتەوە هەڵداو بەلقی دار شۆڕەبییەکەوە گیربوو. ئەمە باوکی لۆلای زۆر زیاتر تووڕە کرد.

لە ڕاستیدا تووڕەی کرد. ئێستا دەبێت قولابەکەی خۆی دابنێ و وەکو تەنافبازێك بەلقە باریکەکانی دار شۆڕەبییەکەدا هەڵبگەڕێت. بێگومان باوکی لۆلا هەروا بەئاسانی ناترسێت!

هەرچەندە کردنەوەی ئەم گرێیە زۆر جێی مەترسی نەبوو ووڤ، کە ماوەی دوو خولەك بوو بێدەنگ وەستا بوو پاش ئەوەی لۆلا ئامۆژگاریشی کردبوو کەچی بەو پەڕی تواناوە دەستی کرد بە وەڕین بە قازێکی کلۆڵ کە لە سەرە خۆ لەوناوە خەریکی مەلەکردن بوو!

کە ووڤ دەستی بەوەڕین کرد ،سەرنجی هەر هەمووانی ڕاکێشا .دەنگی هێندە بەرز بوو کە باوکی لۆلا پارسەنگی خۆی پێ نەگیرایەوە و لە سەر سەر کەوتە ناو ڕووبارەکەوە.!

خۆشبەختانە ووڤ خێرا لە وەڕین کەوت بەڵام لۆلا و باگزی تۆقین .تەنانەت کاسیش بوون. دەیانزانی کە هەر سێکیان ڕاوە ماسیی دووا نیوەڕۆیەکی نایابیان لە باوکی لۆلا شێواند .ئێستاش دڵنیان سەرزەنشت دەکرێن و ڕێگایەك نییە بۆ دەربازبوون لێی.

ئەوەی دەبینرا ،نەدەچووە عەقڵەوە ، بەڵام ڕاستیش بوو. وادەردەکەوت ئەگەر لۆلا و باگزی و ووڤ سەرزنشت نەکران لە ڕاستیدا ،سوپاسیش کران! بەڵام چۆن؟ ئەم هەلو مەرجە .ئاوا بە خێرایی گۆڕا !.زۆر باشە ...

ئەوە باوکی لۆلایە لە ئاوەکە دێتەدەرەوە و دەستەکانی پڕن و ماسی یەکی گەورەی لە نێو دەستەکانی هەڵگرتووە و بۆیە لە بری ئەوەی تووڕە بێت لە باگزی و لۆلا و ووڤ ،باوکی لۆلا سوپاسی کردن و زەردەخەیەك بە ڕوویەوە بینرا.
ئەمە چ ئاهەنگێکی قەشەنگی ڕاوە ماسی کردنە . یەکەم : چیرۆکێکی ڕاستە قینەیان بۆ بوو تا بۆ دایکیان بگێڕنەوە. پاشان بەو ماسییە گەورەیە بەدڵنیاییەوە ژەمە خواردنێکی خۆش و بەتامیان دەبێت! ئایا دەتوانین دایك و باوکی باگزی

بانگهێشت بکەن؟ ئا بەو جۆرە هەموو بە ڕوحییەتێکی مەزن و گۆرانی گووتن و ووفیش بە وەڕینەوە چوونەوە ماڵەوە.

سەرچاوە :

A great Catch
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004



# پشوویەکی خۆش

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# پشوویەکی خۆش



ئـا ..هـا ...ئـەوەتانێ! دوواجـار یەکـەمین ڕۆژی پشـووی هاوین هات ، لۆلا لەگەڵ ووڤ لە خۆشیاندا شاگەشکە ببوون و لـە ژوورەکەیـدا هـەر خـەریکی هەڵبـەزەو دابـەزە بوون .ئەمـەش دەبێتـە یەکـەمین گەشـتیان بـۆ کـەناری دەریـاو بـاگزیش دێـت لەگەڵیاندا.

لـۆلا بـۆ یەکـەمین جـار لـەژیانیا جانتاکـەی دەپێچـێتەوە ،لەڕاستیدا لۆلا نازانێ لەگەڵ خۆیدا چی بهێنێ .کڵاو ؟چەتری خۆرەتـاوی ژنانـە بـۆ لێـواری ئـاو ؟ چـەند تیشـێرت بهـێنێ ؟ گەمەی مۆنۆپۆڵی (١ )یان چاکەتی باران نەوەکو باران ببارێت ؟ کام بووکی بهێنێت ؟

دایکـی لـۆلا ئـەوەی بۆ ڕوون کردبـۆوە کـە لـۆلا خـۆی بڕیـار بـــدات چـــی هەڵـــدە بـــژێرێت .پاشـــان لـــۆلا بیرۆکەیـــەکی بەمێشـکداهات !بۆچـی ووڤ شـتەکانی بـۆ هەڵنەبـژێرێت ؟ووڤ یـەك لـەدوای یـەك خـاولی و یۆیـۆ بـۆ گەمـەکردن،(٢ ) بـووکی ڵخوازەکـەی ،چـەترێك ،نـەوەك بـاران ببارێـت ، هەنـدێك کرێمـی بەر هەتاو و کلێتەی خوری ئەویش نەوەك سەرما دابێت.

هـەموو شـتێك ئامادەیـە ،پاشـان شـەوێکی مانـدووی پـڕ لـە خـەون بــە شــەپۆڵ و لم و یــاریکردن لــە کــەنار دەریــا ،لــۆلا بەوپــەڕی شــانازی و متمانــەوە جانتاکــەی خســتە سـندوقی

پشـتـەوەی ئۆتۆمبیلەکـەی بـاوکی .بـاگزی و ووفی و لـۆلا لـە پشـتـەوەی ئۆتۆمبیلەکـە دانیشـتن،ووڕ ببـوون لـە خۆشـی بیرکردنـەوەی ئـەو هـەموو شـتە تازانـەدا بـوون کـە چاوەڕێی دەکردن.

دوواجار گەیشتنە نزیك کەنار دەریا ! خانووەکە زۆر جوان بوو و کەنارەکەشی لە تەنیشتەوە بوو. لۆلا ووتی "خێراکەن ،ئەچم جلی مەلەکردنەکەم لەبەر ئەکەم .بەڵام هەرچەند گەڕا ،جلـی مەلەکـەی نەدۆزییـەوە. ووفی تـۆ چ بیربڵـاوێکی"لۆلا و باگزی لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ کڕینی جلێکی جوان بۆ مەلە کردن بۆ ئەم هاوینە.

لۆلا دەفتـەری نهێنی یاداشتنامەکەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگاوە هەر شتێکی نوێی بینی یاداشتی بکات. بەڵام پاش ڕاوەستان لێرەو لەوێ ئەم شت و ئەو شت کڕین ،لۆلا هەستی کرد دەفتەری یاداشتنامەکەی وون کردووە .لۆلا دەستی کردە گریان.

باگزی بەڕاستی هەستی بەبەزەیی کرد وەختێ بینی لۆلا زۆر عـاجز بـووەو ووفـیش هەسـتی کـرد کـە لێسـتنەوەی فرمێسـکەکانی بـەس نییـە بـۆ دڵدانـەوەی لـۆلا .بـەڵام لەگـەڵ هـــەموو ئـــەم گریانانەشـــدا لـــۆلا دوواجـــار بیرۆکەیـــەکی

بەمێشکداهات .لەو کاتەوەی ووڤ کۆمەکی لۆلای کرد بۆ پێچانەوەی جانتاکەی، دەشێ یارمەتیشی بدات بۆ دۆزینەوەی یاداشتنامەکەی؟

هەر سێ هاوڕێکە بڕیاریاندا بەهەنگاوەکانیاندا بچنەوە .هەر دەبێت ئەو دەفتەری یاداشتنامەیە بدۆزنەوە .لۆلا و باگزی چاویان بە چواردەورەدا دەگێڕا ،ئاوەتەخوازی موعجیزەیەك بوون ، ووفیش کلکی دەلەقاند و کەوتە بۆن کردن لێرەو لەوێ بۆ گەڕان بەدوای ئەو دەفتەرە ونبووە.

هەموو کاتێك ووڤ شتێکی نائاسایی ببینیایە بەخۆشیەوە هەڵی دەگرت .بۆیە خاکەناسیکی بۆ لۆلا هێنا ،پەرداخێك ،دەستە کاغەزێك ،تۆپێك کەلەو ناوە کەوتبوون و لە بیرکرابوون.

هیچ کام لەمانە پێکەنینیان نەخستە سەر ڕوخساری لۆلا ئێستا بێئومێد ببوو. ووڤ وەفادار بە خاولیەکەوە، چاویلکەیەکی خۆر،کتێبێك، بەڵام هیچی کام لەم شتانە بەدەفتەرە یاداشتنامە ئازیزەکەی لۆلا نەدەچوون.لۆلا دەستی کردەوە گریان.

ئەوسا باگزی و لۆلا چوونە لای عەرەبانەی ئایس کرێم فرۆشێك کە پاش کڕی جلی مەلەوانی ئایسکرێمیان

لێکرپیبوو. وەختێ بە بێ هیوایی و شەکەتیەوە لە سەر کورسەکە دانیشتن ،ووفی تێبینی کرد کە شتێك لە ژێر عەرەبانەی ئایس کرێمەکەیە ،ئەویش دەفتەری یاداشتنامەکەیە.

ئای چەند خۆشحاڵن ئەو سێ هاوڕێیە وەختێ گەڕانەوە ماڵەوە .جلی تازەو نوێ ی مەلەکردن بۆ لۆلا ، ئایس کرێمێکی خۆش بۆ هەموویان ،و تەنانەت ووفیش. خۆ لە دەریا هەڵکێشان، ڕۆیشتنیکی درێژ و باش ، یاداشتنامەیش دۆزرایەوە و هەموو شتێك چاکە و سەیرانەکەش ئەوا ئێستا دەستی پێکرد .

ژێدەر :

(١) مۆنۆپۆڵی : یاری قۆرخ.جۆرە یارییەکە بۆ خۆشی.

(٢) یۆیۆ : یارییەکە بریتییە لە تاڵە بەنێك و بەکرەیەك.سەرێکی تاڵە بەنەکە لەبەکرەکە پێچراوە و سەرەکەی تری لەپەنجەیەکەوە کە تاڵە بەنەکە ڕادەکێشی بۆ لای خۆت لەسەر بەکرەکە هەڵدەکرێ و کەبەریشی دەدەیتەوە دەکرێتەوە.

**سەرچاوە :**


The Adventures of Lola and Woofy
Happy Holidays
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004



# خۆشەویستی ڕاستەقینە

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلیێت

# خۆشەویستی ڕاستەقینە



لـۆلا هـەواڵێکی خۆشـی بیسـت : مسـتەر ومسـز بێرترامـی هاوسـێیان سـەگێکی بچکۆلانەیان بـۆ خۆیـان کڕیـوە کـەناوی سینامۆنە. باوك و دایکی لۆلاش دڵخۆش بوون بەوە چونکە ووڤ هاوڕێیەکی تازەی بۆ پەیدا بوو.

ووڤ هـەر لـە یەکـەم سـاتی بینی سینامۆن و چاوە قاواییـە جوانـەکانی، لـە تـەوقی سـەرییەوە تـا بـنی پێـی هەسـتی بـە خۆشەویسـتی کـرد. ووڤ زۆر لــە لای دەمایــەوە و تەنانــەت وەڕینەکەشـی بـیر چـووبووە و بــەردەوام لــە بــەر پێیــەکانی سینامۆن پـاڵی دەدایـەوە .هـەموو پێـی پێدەکـەنین ،بـەڵام ووڤ قـــەت پێنەدەکـــەنی .زۆر بـــە جیـــدی کـــەوتوبوە دوای خۆشەویستی.

لـەو کاتـەوەی کـە سـینامۆن ووڤ نەچـوو بـوو بەدڵـەوە وەك چـۆن ئـەو چـوو بـوو بـەدڵ ووڤ دا ،سـەگەکەی لـۆلا دەبێـت ڕێگایـەك بدۆزێتـەوە تابچـێتە دڵـی سـینامۆنەوە .ئـەمڕۆ ووڤ چاکترین ئێسکی بۆ دەهێنێ و حەشاری دەدات . بـۆ سبەینێ گـوڵ لـە چـواردەوردا پـەخش دەکاتـەوە و بـۆ ڕۆژی دواتـریش لەچکێك دەهێنێ کە لە لۆلای بردووە.

لەگـــەڵ هـــەموو ئـــەو دیارییـــە بچـــکۆلانە و ئاگـــاداری و میهرەبانییــە، سـینامۆن دواجـار دەسـتی کـرد بــە سـوپاس

گوزاری ووف .ئەمە لۆلاو باگزی دڵخۆشکرد کە بەردەوام بە شۆڕو شەوقەوە چادێریان دەکرد .ئەوان خۆشحاڵن کە بەمەیان زانی کە دوای چەند هەفتەیەك ،سینامۆن شادومان دەبوو بە دەرکەوتنی ووف و غەمباریش دەبوو وەختێ ووف دەڕۆیی .ئەمەچی یە ئەگەر خۆشەویستی نەبێت؟

ئەو دوو دڵدارە لە چاکترین هارمۆنیادا بۆ ماوەیەك ژیان .کاتێك مستەر ومسز بێرترام ڕایان گەیاند کە باردەکەن .مستەر ومسز بێرترام وایان نەخشە دانەڕێشت بوو .بەڵام مسز بێرترام کاری دۆزیبۆوەو نەیدەتوانی قبوڵی نەکات .هەرچەندە لە سەرەتاوە هەندێك شەرمی کرد.

هەموو دەرو دراوسێکان دڵتەنگ بوون بە ماڵ بارکردنی بێرترامی چونکە دراوسێیەکی باش بوون ،بەڵام کەس بەقەد ووف و سینامۆن دڵتەنگ نەبوون. لە بری یاریکردن لەگەڵ یەکتر و چێژ بینین لەیەکتر وەکو جاران .ئێستا کاتەکەیان بە قروسکاندن و گریان دەبەنەسەر، دەزانن لە یەکتر جودا دەکرێنەوە.

لۆلا هەرگیز سەگەکەی ئاوا بە غەمباری نەبینیبوو .ووف زۆر داهێزراوە ،نانی نەدەخوارد .لۆلا هەستی کرد کە دەبێت بیر لە شتێك بکاتەوە. ووف دەبێت ببێتەوە بە ووفییەکەی جاران،نان بخوات،خۆشی لێبگوزەرێ و جارێکی تر ڕۆژی

خۆش لەگەڵ سینامۆن بەرێتە سەر،وەك تا ئێستا چۆن بوون بەیەکەوە.

لۆلا وەك قسەی لەگەڵ مستەر و مسز بێرترامدا کرد،بینی هیوایەك هەیە.بە لۆلایان گووت ماڵ دەگوازنەوە بۆ خانۆچکەیەکی ناو شار کە ناتوانن سەگ ڕابگرن!بیریان لەوە کردۆتەوە سینامۆن بە لانەی ئاژەڵان بسپێرن،بەڵام زۆر نائاسوودەن بەو بڕیارەیان.بەڕاستی ئەوەی دەیانەوێت کەسێك ببیننەوە سینامۆن بەخۆوە بگرێت. بەڵێ باشترە یەکێك بێت لەم گەڕەکە، لۆلا بیری لەوە دەکردەوە کە ووڤ جارێکی تر دڵخۆش دەبێت.

لۆلا و باگزی دەستیان کرد بەبیر کردنەوە چونکە دوو عەقل لە یەك عەقڵ باشترە وەختێك بەدوای بیرۆکەیەکی چاکدا دەگەڕێیت. لە ڕاستیدا، تەنها یەك بیرۆکەیان پێویستە. لە ناکاو لۆلا ووتی" ئەزانم ئەوەی لەسەرمانە پرس بە دایك و باوکمان بکەین. کە لۆلا هەر لەو شوێنە پرسی بە دایك و باوکی کرد. سەگێکی تر ، ئەوە نابێتە هۆی گیرو گرفتی تر. بەپێچەوانەوە، وەڵام دایکی و باوکی ئەوە بوو کەکێ دوو سەگ ڕادەگرێ. یەك سەگ ئاساییە،بەڵام دوو سەگ گرفتە. لۆلا زویر بوو. تەنانەت ترسا لەوەی کە بینی دراوسێکانی تر حەزیان لە ڕاگرتنی سەگ نییە.ئەی دەبێت ووڤ چ کاردانەوەیەکی هەبێت. لۆلا بێ هیوا بوو کاتێك بە بیرۆکەیەك هاتەپێشێ وەك دوا بوارو دەرفەت.

مستەر گێری پۆلیس.... بۆچی لۆلا یەکەم جار بیری لێنەکردبووەوە؟ مستەر گێری ووفی خۆش دەوێت و بەردەوام پرسیاری ئەوەی دەکرد کە سینامۆن کەی بەچکەی دەبێت؟ لۆلا لەوە زووتر نەیدەتوانی پرسیار لە مستەر گێری نەکات لەوەی ڕێکەوتنەکە ساز بوو. مستەر گێری خۆشحاڵ بوو بە ڕاگرتنی سینامۆن بەتایبەتی ئەگەر ووفی شادومان بکات, مستەر گێری زۆر نزیکە لێیانەوەو بەئاسانی دەتوانن بگەن بەیەك.

لەبەر ئەوە مستەرو مسس بێرترام باریان کرد. تۆزێك لەبەر دڵیان گران بوو بەڵام دڵی خۆیان بەوەدەدایەوە دەیان زانی کە سینامۆن لای دەستێکی باشەو دەتوانێت ووفی لە پارك ببینێت و تەنانەت لە ڕۆژانی بارانیشدا. دایك و باوکی لۆلا شانازیان بە کچەکەیانەوە دەکرد ! کاتێ لۆلا و باگزی ووفیان بینی بەئارەزووەوە نان دەخوات، بۆیاندەرکەوت کە چارەسەرێکی گونجاویان دۆزیوەتەوە.

سەرچاوە :

The Adventures of Lola and Woofy
True Puppy Love
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004



# ئەمە چ نمایشێکە؟!.

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# ئەمە چ نمایشێکە؟!.



ڕۆژی دایـك وا بەڕێوەیـە. لـۆلاو بـاگزی ئەمسـاڵ ویسـتیان شتێکی جیاواز بۆ دایکیان بکەن. بیریان کردەوەو قسەیان لە بارەوە کردو ئێستا بیرۆکەیەکی زۆر چاکیان هەیە. ،بۆچی لەو ڕۆژەدا شانۆگەرییەك بۆ دایکیان ئامادە نەکەن، کەتایبەت بێت بۆیان.

کەلەسـەر شـتێك سـاغ بوونـەوە، بـە جـۆش و خرۆشـەوە بەسەر بیرۆکەکانیاندا چوونەوە. شانۆی ئاوەڵا بۆ ڕۆژی دایك هەر زوو ساز دەبێت. باگزی و لۆلا پرۆژەکەیان زۆر بەجیدی وەرگرت،هەرچی ڕۆژە فێری دێڕ و مەشقکردن دەبوون.تەنانە ووفیش ڕۆڵیان یان بۆ دانا!

باگزی و لۆلا شانۆکەیان بە یارمەتی باوکی لۆلا ئامادە کرد. پێویستە شانۆکە پاشایانە بێت چونکە چیرۆکەکەیان سـەبارەت بەکچەپاشـا و سوارچـاکێك بـوو، ووفـیش ڕۆڵـی بەردەستی سوارچاك دەبینێت. تەنانەت زۆر چاکە خانووەکەی ووف دەکرێت بە کۆشك. ئێستا بەزم ئەمەیە!.

لـەڕۆژی دایکـدا. لـۆلاو بـاگزی و ووف زۆر دەترسـان. زۆر دەکۆشان تا نمایشێکی سەرنجڕاکێش پیشان بدەن. لە ژێر ئەم تیشکی خۆرە کارەکان بە جوانی دەڕوات بەڕێوە. باوکی لۆلا سێ جار لە دەرگایدا. نمایشەکە دەستی پێکرد.

شانۆکە دەستی پێکرد. شانۆگەرییەکەیان چیرۆکێکی خۆشەویستی بوو لە نێوان کچەپاشا و سوارچاکێک،کە چیرۆکێکی تراژیدی جوان بوو.لۆلا بەجلی کچەپاشاوە زۆر جوان بوو. باگزی زۆر لە سوارچاکێکی ئازا دەچوو.کارەکان بەدڵی دایک و باوکیان بوون و هەروەها بۆ ووفیش...

بەڕاست ووف لەکوێیە ئایا ترسی نواندنی هەیە؟ ئایا خۆی شاردۆتەوە لەبەرئەوەی شەرم دەکات؟ نەخێر ..ئەوەتا لێرەیە. چاوەڕوانی ڕۆڵەکەی دەکات تانۆرەی بێت. بەڵام ووف نەیدەزانی زۆر بەهێمنی بمێنێتەوە. هەر کە مشکێکی بینی جرتوفرتی بوو. لێی تێک چوو وایدەزانی دەبی ئەو مشکە بگرێت و لەبیری چووەوە کە دەبێت ڕۆڵی بەردەستی سوارچاك ببینێت. لە ناکاو،لۆلاو باگزی ووفیان بینی بەسەر شانۆکەدا ڕاکەڕاکێتی.جارێك،دووان، سێ ،وای لێکردن قسەکانیان لە بیر بچێتەوە. هێشتا ڕۆڵی ووف نەهاتبوو. بەهەر چوارلادا دەستی کرد بە ڕاکەڕاك. دایك و باوکی لۆلاو باگزیش کەوتنە تێفکرین. ئایا ئەمە بە ڕاستی ئەمە لە شانۆگەرییکەدایە؟

نەخێر ..بەڕاستی نەو! لە ناکاودا ترسێك شانۆکەی داگرت. ووف ئاگای لە هیچ شتێك نەماو لە هەوڵی ئەوەدا بوو شانۆکە بیهێنێتە خوارەوە. تەنانەت خۆی لە لۆلا داو خستی بەسەر

کۆشکەکەدا. دایکیان زۆر سەر سام بوون بە چیرۆکەکەیان دەربارەی کچەپاشاو سوارچاك.

وەك ئەوەی بەسی نەبوو، ووڤ بەردەوام بوو لە ڕاکردن و خۆی کێشا بەباگزیدا و خستییە سەر زەوی و بۆ ناو چاڵە قوڕێك. دایکیان و باوکیان دەستیان کردە پێکەنین. بەڕاستی ئەو نمایشە کە منداڵەکان ئامادەیان کردبوو، زۆر پێکەنیناوی بوو. لەگەڵ ئەو هەموو کردارە چاوەڕواننەکراوانەدا.

وەك بۆ لۆلاو باگزیش، سەریان لێ تێکچوو و زۆر توورە بوون.بیریان کردەوە کەئەو هەموو کارەیان بۆ فێربوونی ووتەکانیان، بنیادنانی شانۆکە و مەشقکردن لەسەر ئەو چیرۆکە قەشەنگە کەدایان هێنابوو،دیاریەکی جوان بوو بۆ دایکیان.ئێستاش ووڤ هەمووی بەبادا.لۆلا و باگزی دڵتەنگ و هیوابڕاوبوون.

بەڵام نەیان توانی زۆر بەدڵتەنگی بمێننەوە. کاتێك دایکیان پیرۆزبایی لێ کردن.بەڕاستی نمایشەکەیان پێ خۆش بوو. پێیان وابوو زۆر دڵکراوە بوو و پێشبینی ئەو هەموو پێکەنینەیان نەدەکرد. سوپاس لۆلاو سوپاس باگزی (تۆش ووڤ سوپاس) زۆر سوپاس!

پـــاش یەکـــەمین بەیەکـــدادان،لۆلاو بـــاگزی زوو لـــەیادیان چووەوە کە تـووڕە بووبـوون بـەهای ووفیـان بـۆ دەرکـەوت بۆیـە هـەموو پیرۆزباییـان لـە ویـش کـرد. پاشـان هـەموو لـە دەوری مێزەکـە کۆبوونـەوەو بـۆ نـانخواردنی پـڕلـەزەتی نیـوەڕۆ کـە باوکیـــان ئامادەیـــان کردبـــوو. خۆرەکـــە پرشـــنگی دەدا و ڕۆژەکەش بەڵێنیدا کەزۆر شادومان بێت.

سەرچاوە :

The Adventures of Lola and Woofy
What A Show
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004



# ووفی دیارنامینێت

نووسینی : ئیدیس سونکیندس & ماسیو کە پلێت

# ووفی دیارنامینێت



ئەمرۆ ڕۆژێکی ناخۆشە. لۆلای کڵۆڵ بەڕاستی خەمبارە: ووف بچکۆلانە ون بووە.لۆلا بەبێ ووف،ئەمە مەحاڵە بیهێنێتە پێش چاو. هەر تەنها بەتەماشاکردنی لۆلا، هەموو کەسێك هەست بەمات و مەلوولی و تەنیایی دەکات.تەنانەت باگزیش لەوێ یە بۆ دڵدانەوەی لۆلا.

باگزی و لۆلا موناقەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئایا چاکترین ڕێگا کامەیەبۆ دۆزینەوەی ووف؟ ئێ خۆ سەگەکە هەر لە خۆوە ون نەبووە. خۆ نەفڕیوە و نەدەشتوانێت بفڕێت! دەبێت لە جێگایەك بێت و لۆلا و باگزیش هەر ئەیدۆزنەوە و دڵنیاشن لەوە.

باش لەوەدایە کە ئەمڕۆ یەکشەمەیە،دەتوانن هەموو ڕۆژەکە بەگەڕان بە دوای سەگە دڵویستەکەیان بەسەر بەرن.سووربوون لە سەر ئەوەی کەووف پێش نانخواردنی ئێوارە بیهێنەوە ماڵەوە وەك نەخشەیان بۆ کێشابوو کەلەهەر چوار گۆشەی گەڕەکەکەیان بۆی بگەڕێن.

لۆلاو باگزی پێکەوە پرسیارو سۆراخیان دەکرد کەوتنە پشکنین و لێکۆڵینەوە. هەموو گەڕەکەکەیان پشکنی. ئەمەش بەپێ ڕۆیشتنێکی زۆر بوو بۆ سەگێکی بچکۆلەی ونبوو! تۆ

نازانی کە دەبێ پرسیار لەچەند کەس بکرێت کە وەختێك سەگە بچکۆلەکەت لەناکاو دیار نامێنێت.

خۆش بەختانە، باگزی لۆلای بەجێ نەهێشت ئەمەش کار ئاسانی زۆر بوو بۆ لۆلا. هەروەها هەموو خەڵکەکە زۆر باش و بەڕێز بوون لەگەڵیان. ئەوە ڕاستە هەرکە سیمای مات و مەلوولی لۆلایان دەبینی دەیانویست تادەتوانن یارمەتی بدەن. بەڵام بەداخەوە، هیچ کەسێك لەم دەوروبەرە ووف نەبینیبوو.

باگزی و لۆلا دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی هەنگاوی دووەم" چوونە نێو بازاڕو دوکانەکان و وێنەی ووفیان بڵاوکردەوە کە زۆر جوان نەخشاندبویان و تاسەو پەرۆشی سەگە بچکۆلەکەیانی تێدا ڕەنگی دەدایەوە. هەروەها لە سندوقی پۆستەکەکانیان دەهاویشت.پاشان کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە ووف حەزی لە چی یە بیکات.

ئێستا بابزانین ووف بۆ کوێ ڕۆیشتووە. باگزی ئەیگووت دووا شت چی بوو پێکەوە کردیان؟ ئەمە بیرۆکەیەکمان دەداتێ. لۆلا هەوڵی دەدا بیری بکەوێتەوە، چووبوون بۆ پارك! بەڵێ زۆر بەڕوونی هاتە یادی!

هەروەها ئەوەشی هاتەوە یاد کە ووف لە دوواهەمین جاردا سینەمۆنی بینی، ئەو خۆشەویستیەی کەلە پارکدا

پێیگەیشت. سینەمۆن ئاسایی نەدەبینراو لەگەڵ ووف زیاد لە پێویست کاتێکی زۆریان پێکەوە بەسەر دەبرد.

باگزی ووتی ئاوا! ئەمە لەوانەیە کلیلەکە بێت. بائێستا بڕۆین بۆ پارك تابزانین ووف گەڕاوەتەوە ئەوێ یان نەو.جارێکی تر لەپارکەکە نەووفیان بینی و نەسینەمۆن. مستەر گێری پۆلیسیش خاوەنی سینەمۆن لەوێ نەبوو.

ئەمانە هەموو سەیرو ناوازەن. لۆلاو باگزی لەوەیا بوون کۆڵ بدەن وازبهێنن، لۆلا پێشنیاری کرد کەبچن وەك دوا پەنابردن سەردانی خودی مستەر گێری بکەن. لەوانەیە مستەر گێری شتێك دەربارەی خۆشاردنەوەی ووف بزانێت.

هەرکە لە زەنگی دەرگاکەیان دا. بڕوایان نەدەهات، گوێیان لە دەنگی وەڕینێکی لەوەوپێش بیستراو بوو! مستەر گێری دەرگاکەی کردەوە هەردوو سەگە دڵشادەکە خۆیان فڕێدایە باوەشیان.لۆلا زۆر خۆشحاڵ بوو کەسەگەکەی دۆزییەوە.بەڵام نەیزانی بۆچی ووف لێرەیە لە کاتێکدا بەردەوام لەپارکەکە لەگەڵ سینەمۆن پێکەوە یاریدەکەن. ئەوجا مستەر گێری دەستی لۆلاو باگزی گرت و بردیانیە ژووری دانیشتن و چوار توتکەسەگی بچووکی قەشەنگی پێ نیشاندان. یەکێکیان کوت ومت هەر ووف خۆی بوو. لۆلا زۆر بەجۆش و دڵشاد بوو پاش

**دەست پیاهێنان و لە باوەشگرتنی توتکە سەگەکان، باگزی و لۆلا دەیانویست بەخێرایی بچنەوە بۆ ماڵەوە تا ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە بەدایك و باوکیان ڕابگەیێنن!.**

**سەرچاوە :**

The Adventures of Lola and Woofy
Woofy Goes Missing
Edith Soonckindt & Mathiew Couplet
Translated to English: Helene Morin
Printed in Canada 2004

# مەشخەڵ لە چەند دێڕێکدا

* عەبدوڵا سلێمان محەمەدئەمین (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکوک لە دایك بووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەکنەلۆجیای لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە کەرکوك تەواو کردووە.

* لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنوسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

* بەشداری چەندین کۆڕی شیعری لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر کردووە.

* سەرنوسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی لە ئەستۆ گرتووە، لەوانە((گۆڤاری ڕابەر، ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران، گۆڤاری هانا))

* ئێستاش چەند ساڵێکە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

## له بڵاوكراوەكانی شاعیر

* چرای شۆڕش　　شیعر (دەستنووس) ١٩٨٩

* دیوارەكان ئەڕوخێنین وەرگێڕانی بەشێك لە شیعرەكانی برێخت لە ژێر ناوی (دلاوەر حوسێن) (دەستنووس) وەرگێڕان ١٩٩٠

* چاوم لێیە　　شیعر　　١٩٩٢

* چەند گۆرانی یەك لە جەنگەڵستانی ژیانەوە　　شیعر　　١٩٩٢

* نامیلكەی ( دەربارەی قانونی جەمعیاتی حكومەتی هەرێم ) لێكۆڵینەوە – دیداری سیاسی　　١٩٩٣

* نامیلكەی (با ئاوڕێك بۆ دواوە تەكانێك بێت بۆ پێشەوە) لەژێر ناوی(مارف عوسمان) مێژوویی – سیاسی　　١٩٩٣

* ڕژانی دڵۆپەكانی مەنفا　　شیعر　　٢٠٠٥

* بیابانێكی پڕ لە دووكەڵ　　شیعر – وەرگێڕان　　٢٠٠٦

* گوڵە مۆرەكان　　مندالان–چیرۆك– وەرگێڕان　　٢٠٠٦

* ئەڵاس　　شیعر – وەرگێڕان　　٢٠٠٧

* سواربوونی فڕۆكە　　منداڵان – چیرۆك – وەرگێڕان　　٢٠٠٨

* ئاكشن　　شانۆ – وەرگێڕان　　٢٠٠٨

* چەندین ووتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری نوسیوە و بڵاو كردۆتەوە.

## کتێبی ئامادە بۆ چاپ

* بەهەرێمێك لەفەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەکەم شیعر
* لەپەنای ئێوارەیەکی مەخمەلیدا..گووتمان دیدار و ووتار و وەرگێڕان

تێبینی : سەرجەم بەرهەمە دەستنووسەکانی شاعیر فەوتاون و لە بەردەستدا نین، تەنها ئەو بەرهەمانەی کە لە دوای ڕاپەرینەوە نوسراون